




# جیهان لەبەردەم کاریگەری دابەزینی نرخی نەوتدا



2015/1/25

دەستپێك ............................................................................................................ 2
دابەزینی نرخی نەوت ............................................................................................ 4
فاکتەرەکانی دابەزینی نرخی نەوت ........................................................................... 6
یەکەم: فاکتەری نێوخۆیی سعودیە و وڵاتانی کەنداو ..................................................... 6
دووەم: کەمی خواست و زۆری خستنەڕوو.................................................................... 7
سێهەم: فاکتەری ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی........................................................... 8
1. ململانێی هەرێمی سعودییە و ئێران ........................................................................ 9
2. ململانێی نێودەوڵەتی ئەمریکا و روسیا..................................................................... 11
3. ململانێی ستراتیژی سعودییەو ئەمریکا ................................................................... 13
4. فاکتەرە گشتییەکان .............................................................................................. 14
کاریگەری دابەزینی نرخی نەوت لەسەر دەوڵەتان ........................................................ 16
یەکەم: دەوڵەتانی زەرەرمەند لەدابەزینی نرخی نەوت.................................................... 16
دووەم: دەوڵەتانی سودمەند لەدابەزینی نرخی نەوت....................................................... 22
عێراق و هەرێمی کوردستان .................................................................................... 26
ئایندەی نرخی نەوت.............................................................................................. 30
ڕاسپاردەکان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان .............................................................. 31
دەرئە نجام ......................................................................................................... 33
سەرچاوەکان........................................................................................................ 34

## دەستپێك

پشتبەستن بە سامانی سروشتی وەك یەكێك لە سەرچاوە سەرەكیەكانی بودجە و داهاتی وڵات، مشتومڕێكی زۆری لەسەرە لە ناوەندە ئابوری و سیاسی و تەنانەت ئەكادیمیەكانیشدا، پرسیاری ئەوە دەكرێ، ئایا پشتبەستن بە سامانی سروشتی دەبێتە مایەی نەفرەت (نەگبەتی) یان ڕەحمەت (ئاسودەیی) بۆ وڵات؟ بەجۆرێكی تر، ئایا دەوڵەتی كرێخۆر (الدولة الريعية Rentier State) دەتوانێ لە ڕوی سیاسیەوە ببێتە دەوڵەتێكی دیموكرات، بە هەمان شێوە لە ڕووی ئابورییەوە پێگەیەكی گرنگی هەبێت؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پەیوەندی بە شێوازی تایبەتی هەر وڵاتێكەوە هەیە بۆ ئیدارەدانی سامانی سروشتی. بۆ نمونە نەرویج و مالیزیا و تاڕادەیەكیش ئیمارات بەو وڵاتانە ئەژمار دەكرێن، كە سامانی سروشتی نەبوەتە نەفرەت، بەڵكو بۆتە ڕەحمەت. هاوكات، نەیجیریا بەیەكێك لەو وڵاتانە ئەژمار دەكرێت كە سامانی سروشتی بوەتە مایەی نەگبەتی و پاشەكەوتنی زیاتریان.

پرسیار و نیگەرانی گەورەی عێراقیەكان بە هەرێمی كوردستانیشەوە ئەوەیە: ئایا لە ئێستا و داهاتودا، سامانی سروشتی دەبێتە مایەی خۆشگوزەرانی و سەقامگیری و ئاوەدانی، یان بە پێچەوانەوە؟ ئەوەی مایەی سەرنجە لە سەدەی ڕابردودا، ئیدارەدانی نەوتی عێراق لەلایەن ڕژێمە یەك لەدوا یەكەكانەوە تەندروست نەبوە و داهاتی سامانی سروشتی لە بەهێزبونی دیكتاتۆریەت، بە سەربازیكردنی وڵات، قوڵبونەوەی جیاوازی مەزهەبی، دواكەوتنی وڵات لە بواری پیشەسازی و كشتوكاڵدا، ڕۆڵی سەرەكی بینیوە.

هۆكارگەلێك هەن پێمان دەڵێن دەوڵەتی كرێخۆر، ئەگەر بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ سامانی سروشتی نەكات، ئەوا دەبێتە دەوڵەتێكی شكستخوارد و ناسەقامگیر لە ڕوی سیاسی و ئابوریەوە. یەكێك لەو هۆكارانە ئەوەیە كە نرخی سامانی سروشتی (نەوت لە دۆخی عێراق و هەرێمی كوردستان) جێگیر نیە و بەردەوام لە بەرزبونەوە و دابەزینێكی نائاساییدایە و ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی گرفت و كێشە لە ئیدارەدانی بودجەی گشتی و پرۆژەكانی خزمەتگوزاری و وەبەرهێنان و تەنانەت پێدانی موچەی فەرمانبەرانیش. ئەم دۆخەی ئێستا عێراق و هەرێمی كوردستانی پێداتێپەڕدەبێت، دۆخێكی ئاڵۆزە و داڕشتنی پلانی ئابوری بۆ داهاتوی نزیك و دور گرفت ئامێزە.

هەڵبەز و دابەزی نرخی نەوت دیاردەیەكی مێژوییە، لە 1870 تاوەكو 1900 نرخی نەوت بەرزبۆتەوە و پاشان لەنێوان ماوەی هەردوو جەنگی جیهانی یەكەم و دوەم دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە. پاشان لە ساڵانی شەستەكان و حەفتاكانی سەدەی ڕابردوودا جارێكی تر نرخی نەوت بەرزبوەتەوە، ئەم خشتەیەی خوارەوە ئەو گۆڕانكاریانە ڕون دەكاتەوە كە لە ساڵی 1970 – 2008 بەسەر نرخی نەوتدا هاتووە:

| ز | ساڵ | نرخی نەوت بە دۆلار | تێبینی |
|---|---|---|---|
| 1 | 1970 | 2 | وەزارەتی وزەی ئەریکا نرخی نەوتی سعودییەی بە فەرمی دیاریکرد |
| 2 | 1974 | 10 | ئۆپێك بڕیاری نرخی نەوتی دیاریکرد لە کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکی |
| 3 | 1979 | 20 | قەیرانی گەورەی نەوت دروستبوو بەهۆی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران |
| 4 | 1980 | 30 | شەڕی عێراق – ئێران قەیرانی گەورەتری دروستکرد |
| 5 | 1981 | 39 | |
| 6 | 1990 | 40 | پێش جەنگی یەکەمی کەنداو بۆ ماوەیەك لەم نرخەدا مایەوە |
| 7 | 2004 | 50 | لە کۆتایی ساڵی 2004 گەیشتە ئەو نرخە |
| 8 | 2005 | 60 | مانگی 7ی 2005 گەیشتە ئەو نرخە |
| | | 70 | بەهۆی دروستبوونی کارەساتی ڕەشەبای کاترینا لە کەنداوی مەکسیك |
| 10 | 2007 | 80 | مانگی 9 ی ساڵی 2007، کەمبونەوەی یەدەکی نەوتی ئەمریکا |
| | | 90 | 2007/10/18 |
| | | 95 | 2007/10/31 |
| | | 97 | 2007/11/6 |
| | | 98 | 2007/11/21 |
| 11 | 2008 | 100 | 2007/2/2 دروستبونی شەڕی ناوخۆ لە نێجیریا |
| | | 105 | مانگی 2008/3 نزمبوونەوەی بەهای دۆلار |
| | | 111 | مانگی 2008/4 نزمبوونەوەی زیاتری بەهای دۆلار و خواستی زیاتری چین |

ئەم لێکۆڵینەوە هەوڵدەدات هۆکارەکانی دابەزینی نرخی نەوت لەگەڵ کاریەگەریەکانی ئەم دابەزینە لەسەر دۆخی ئابوری، سیاسی و داهاتوی هەرێمی کوردستان و عێراق بخاتە ڕوو. هاوکات، کۆمەڵێك ڕێگا چارە و پێشنیار دەخاتەروو بۆ دەربازبون لەم قەیرانە و کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی.

دەشێ دابەزینی نرخی نەوت کاتی بێت و ئەم قۆناغی نیگەرانی و کێشە داراییە تێپەربێت، بەڵام کارەسات و گرفتەکانی پشت بەستن بە سامانی سروشتی وەك سەرەکیترین سەرچاوەی داهاتی وڵات (بون بە دەوڵەتی کرێخۆر) گرفتێکی هەمیشەییە بۆ ژیانی نەوەکانی ئێستاو داهاتو. پێویستە فەرمانڕەوایان و ئابوریناسان ڕێگربن لەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە هەرێمێکی کرێخۆر، ئەگەر تا ئێستا نەبوبێت...؟!


## دابەزینی نرخی نەوت


دابەزینی نرخی بەرمیلێك نەوت لە 115 دۆلارەوە بۆ 44 دۆلار لە 2015دا، بەشێوەیەك جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، کە هەندێك لەوڵاتانی وەك روسیاو ئێران و فەنزویلا و عێراقی توشی شۆك کردووە و ناچاری کردون پێداچونەوە بە بودجە و خەرجیەکانیاندا بکەن.

لەم قەیرانە گەورەیەدا وڵاتی سعودیە رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، لە دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوت و دووبارە بەرزنەبونەوەی، چونکە ئەم وڵاتە خاوەنی دووەم گەورەترین یەدەگی نەوتە لەرێکخراوی ئۆپیکدا بەرێژەی 264.4 ملیار بەرمیل نەوت، کە 22٪ یەدەگی نەوتی جیهان پێك دێنێت. هەروەها سعودیە گەورەترین دەوڵەتی هەناردەکاری نەوتە بۆ بازاڕەکانی جیهان، کە رۆژانە نزیکەی نۆ ملیۆن و 704 هەزار بەرمیل نەوت هەرناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکاتو دەتوانێت بەپێی داواکاری بازار ئاستی بەرهەمی بۆ نزیکەی 12 ملیۆن بەرمیل بەرزبکاتەوە. کە لەئێستادا ئەو برە بە 11.7 ملیۆن بەرمیل مەزەندەکراوە. لەوەش زیاتر سعودیە ئامادەیی تێدایە کە نەوت بە کەمتر لە نرخی ئێستاشی لەبازارەکاندا بفرۆشێت، بەبێ ئەوەی لەماوەیەکی نزیکدا زیان بەداهاتی گشتی ئەو وڵاتە بگەیەنێت.

لەسەرو بەندی ئەم گۆڕانەی نرخی نەوت، بری خستنەڕوی نەوت لەسەر ئاستی جیهانیش بەرەو بەرزبونەوە رۆیشتوە، بەپێچەوانەوە ئاستی خواستیش لەسەر نەوت بۆ زۆرێك لەدەوڵەتانی وەك (چینو یابانو هیندستانو وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکا بەتایبەت) کەمیکردوە.

هاوکات چەند وڵاتێکی وەکو (روسیا، فەنزوێلا، بەرازیل ، لیبیا، ئێران، عێراق و وڵاتانی کەنداو) کە زۆربەی داهاتەکانیان پشت بە فرۆشتنی نەوت دەبەستێت، دوچاری گرفتی گەورە دەبنەوە، بەجۆرێك کار دەکاتە سەر بودجەی ساڵانەیان، بەو هۆیەشەوە بودجەیان ڕوبەڕوی کورتهێنانی گەورە دەبێتەوە. بۆ نمونە لەرابردودا رۆژانە کە لە جیهاندا بری 90 ملیۆن بەرمیل نەوت دەخرایە بازاری نەوتی جیهانی، داهاتی گشتی فرۆشتنەکەی لە ساڵێکدا دەیکردە نزیکەی 3.77 ترلیۆن دۆلار، بەڵام لە دوای دابەزینی نرخی نەوتەوە، ئەو داهاتە دابەزیوە بۆ نزیکەی 2.3 ترلیۆن دۆلار. واتە 1.47 ترلیۆن دۆلار لەپشکی وڵاتانی فرۆشیار و هەناردەکەری نەوت کەمیکردووە، لەبەرامبەردا زۆرێك لەو سەرمایەیە هاتوەتە نێو بانکی وڵاتانی کڕیار و هاوردەکەری نەوتەوە.


ڕیزبەندی ئەو وڵاتانەی نەوت هاوردە دەکەن - 2013- (بەرمیل/ڕۆژانە)
ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
6600000
چین
6200000
یابان
4400000
هند
2700000
کۆریای باشور
2300000
ئەڵمانیا
2200000
فەرەنسا
1600000
ئیسپانیا
1200000
ئیتاڵیا
1100000
تایوان
1100000
Source: U.S.Emergy Information Administration, Short Tem Energy Outlook,


ڕیزبەندی وڵاتانی بەکاربەری نەوت - 2013 (بەرمیل/ڕۆژانە)
ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
19500000
یەکێتی ئەورووپا
14440000
چین
7850000
یابان
4785000
هند
2940000
روسیا
2900000
ئەڵمانیا
2569000
بەرازیل
2520000
سعودییە
2380000
کەنەدا
2260000
سەرچاوە: ماڵپەڕی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا (CIA) وەرگیراوە

## فاکتەرەکانی دابەزینی نرخی نەوت

دابەزینی نرخی نەوت، گۆرانکارییەك نییە تەنها پەیوەست بێت بەئاستێکی بەرتەسك و دیاریکراوی خواستی دەوڵەتێکەوە، بەڵکو بەهۆی سروشت و تایبەتمەندی شمەکێکی وەك نەوتەوە کە پەیوەندیدارە بە ڕێرەوی ژیانی ئابوری و بازرگانی دەوڵەتانەوە، وادەکات کە سروشتی فاکتەرو کاریگەرییەکانی سەر بازاڕی نەوتیش گۆرانیان بەسەردابێت. بەجۆرێك کە پێدەچێت زیاتر لەهۆکار و فاکتەرێکی ناوخۆیی رۆڵ لەم نێوەندەدا بگێرن، تەنانەت پێدەچێت چوارچێوەی فاکتەرەکان بەرفراوان ببێت و بگوازرێتەوە بۆ نێو ئاستی ململانیٚ نێودەوڵەتی و جیۆسیاسیەکانیش. بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین پشت بەست بەگۆرانکاری و روداوەکانی ئێستای سەر ئاستی جیهانی، لێکدانەوە بۆ ئەم پرسە بکەین و لەچەند خاڵێکدا فاکتەرە کارگەریەکانی دابەزینی نرخی نەوت بخەینەروو.

### یەکەم: فاکتەری نێوخۆیی سعودیە و وڵاتانی کەنداو

سعودیەو وڵاتانی کەنداو بەم دواییانە دووچاری کێشەیەکی ڕاستەقینە بون. ئەویش بەهۆی ئەو پشت بەستنە سەرەکیەی بودجەی ساڵانەی وڵاتەکانیان بە داهاتی فرۆشتنی نەوت، بەم هۆیەشەوە بەردەوام ئەم وڵاتانە لەهەوڵی زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوتدان، لەلایەکی تریشەوە ئامانجی درێژخایەنیان ئەوەیە کە نەوت و سەرچاوەکانی دیکەی وزەیان توانای کێبڕکێی کردنی هەبێت لەگەڵ سەرچاوەکانی وزەی دەوڵەتانی دیکە، بەدیاریکراویش نەوتی لیتەیی (نەوتی بەردی– Shale Oil) ، کەلە ئێستادا ئەمریکا بە تێچویەکی بەرز بەرهەمی دەهێنێت.

ئەم وڵاتانە بەو هیوایەن ئەم پرۆژەیەی ئەمریکا شکست پێبهێنن، یان ڕێگربن لەوەی کە ئەم نەوتە ببێتە جێگرەوەی نەوتی کەنداو یاخود نەوتی ڕێکخراوی ئۆپیك.

گەورەترین کێشە کە ڕووبەڕووی سعودیە دەبێتەوە ئەوەیە کە سعودیە خاوەنی یەدەگێکی زۆر نەوتی خاوە، هاوکات یەکێکیشە لەگەورەترین وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت، ئەمەش بۆ وڵاتانی دیکەی کەنداو بەبڕو رادەی جیاواز راستە. ساڵی 2013 داهاتی سعودیە لەنەوت 322 ملیار دۆلار و 55 ملیار دۆلاریش لە سەرچاوەی دیکەوە بووە. لە کاتێکدا خەرجیەکانی تەنها 192 ملیار دۆلار بووە، ئەمە مانای ئەوەیە سعودیە 130 ملیار دۆلاری زیادە لەخەرجیەکانی بۆ ماوەتەوە. بەم جۆرە سعودیە دەتوانیٚ بڕی هەناردەی نەوتەکەی تا ڕێژەی40 ٪ کەمبکاتەوە، بەبیٚ ئەوەی هیچ کاریگەریەکی گەورەی هەبێت لەسەر داکشانی ئاستی ئابووری ئەو وڵاتە.

تەنانەت کە نرخی یەك بەرمیل نەوت بۆ خوار 50 دۆلاریش دابەزیوە، کاریگەریەکی گەورە بۆ سەر دۆخی ئابوری سعودییە دروست ناکات و قەیرانی ئابوری لەو وڵاتەدا دروست ناکات، چونکە لەئێستادا سعودییە خاوەنی نزیکەی 750–800 ملیار دۆلار دراوی یەدەگە، کەدەتوانێت لەرێگەی ئەو یەدەگەوە ساڵانە کورتهێنانی بودجەکەی پێ پر بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم دۆخە بۆ چەند ساڵێکیش بەو شێوەیە بەردەوامی هەبێت. بەڵام (ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی نامۆرای ژاپۆنی)، لەراپۆرتێکی نوێدا ئاشکرای کردوە کە سعودیە، تەنها 12 بۆ 18 مانگی تر تواناى بەرگە گرتنی دابەزینی نرخی نەوتی هەیە، پاشان ناچار دەبێت، رێژەی بەرهەمهێنانی لەبازاری جیهانیدا کەم بکاتەوە. چونکە خودی سعودیەش لەریزبەندی وڵاتانی زەرەرمەندی دابەزینی نرخی نەوتدایە.

سعودییە بەم جۆرە سیاسەتە لەبازاری نەوتدا هەنگاو دەنێت، کەبەردەوامە لەبەرزکردنەوەی ئاستی وەبەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت، بەئامانجی دابەزینی زیاتری بەهای نەوت، سەرەرای زیانە داراییەکانی بۆ ئەو وڵاتە، بەڵام بۆ سعودیەکان دابەزینی نرخی نەوت لەئێستادا گرنگی زیاترە. ئەمەش لەپێناو پارێزگاریکردن لە ئامانجە درێژخایەن و ستراتیژیەکانی لەسیاسەتی هەرێمی و بازاڕی نەوتدا.

## دووەم: کەمی خواست و زۆری خستنەڕوو

رێکخراوی ئۆپێك لە راپۆرتێکیدا کە ناوەڕاستی کانونی یەکەمی 2014 بڵاویکردەوە، پێشبینی دەکات لە ساڵی 2015دا خواست لەسەر نەوتی ئۆپێك بۆ 28 ملیۆن و 920 هەزار بەرمیل لەڕۆژێکدا دابەزێت، لە کاتێکدا ماوەی 10 ساڵە ئۆپیك رۆژانە 30 ملیۆن بەرمیل نەوت و وڵاتانی دەرەوەی ئۆپیکیش رۆژانە نزیکەی 6 ملیۆن بەرمیل نەوتیان خستوەتە بازاری نەوتی جیهانیەوە.

وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك 12 وڵاتن، بەگشتی 35٪ تا 43٪ی پێداویستی جیهان بۆ نەوت دابین دەکەن، 81٪ نەوتی یەدەگی جیهانیش لەژێر دەستی وڵاتانی ئۆپیکدایە.

لەم ڕوانگەیەوە وڵاتانی ئەندامی ئۆپیك دەتوانن کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر بەرزبونەوە یان دابەزینی نرخی نەوت هەبێت، ئەگەر بە خواستی خۆیان بەرهەمهێنان کەم و زیاد بکەن، یان بەهۆی هەر قەیرانێك کە روبەڕویان ببێتەوە. لە ناو ئەو وڵاتانەشدا سعودیە پێگەیەکی بەرچاوی هەیە، چونکە یەك لەسەر سێی نەوتی ئۆپێك بەرهەم دەهێنێت.

هەر بەهۆی ئەم قەیرانەوە لە کانونی یەکەمی 2014دا کۆبونەوەی باڵای رێکخراوی ئۆپیك لە (جنێف)ی پایتەختی سویسرا بەرێوەچوو، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دۆخی ئێستای بازاڕی نەوت و دەستکاریکردنی

ئاستی بەرھەمھێنانی نەوت بەپێی خواست. بەڵام بە پێچەوانەی چاوەروانیەکانەوە ئۆپیك دواجار بڕیاریدا کە ئاستی بەرھەمھێنانی نەوت بەم جۆرەی ئێستا بهێڵیتەوە و بڕی بەرھەم هێنان دانەبەزێنێت.

هەرچی پەیوەندی بەخواستەوە هەیە، (وڵاتانی ئەوروپا، ئەمریکا، چین، یابان و ھیندستان ...) لە کڕیارانی سەرەکی نەوتن لە جیھاندا، بەڵام ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کە دیارترین کڕیاری نەوت بووە لە جیھاندا، خواستی لەسەر کڕینی نەوت کەمبۆتەوە، ئەمریکا لە ئێستادا توانای بەرھەمھێنانی 10.9 ملیۆن بەرمیل نەوتی لە رۆژێکدا ھەیە، بە نەوتی لیتەییەوە (Shale oil)وە، ھەرچی پەیوەندی (چین)ەوە ھەیە بەھەمان شێوەی ئەمریکا خواستی لەسەر نەوت کەمبۆتەوە، بەھۆی بەرزبونەوەی ئاستی بەرھەمھێنانی نەوتی چین بۆ بری 4.19، ھاوکات ئاستی بەرھەمھێنان و پیشەسازی لەو وڵاتەدا روی لەدابەزین کردووە، بەم ھۆیەشەوە لەئێستادا ئاستی خواست لەسەر ھاوردەکردنی نەوت لەلایەن چینەوە لەچاو رابردوودا کەمیکردوە.

## سێھەم: فاکتەری ملمانێی ھەرێمی و نێودەوڵەتی

چاودێران بڕوایان وایە کەدابەزینی نرخی نەوت لەکاتی ئێستادا پەیوەستە بەپرسی ئەو ملمانێ سیاسیەوە کەلە ئێستادا جیھانی لەنێوان دوبەرەدا دابەش کردووە، بەرەی (ئەمریکا و وڵاتانی ھاوپەیمانی) لەلایەك، (روسیا و ھاوپەیمانەکانی) لەلایەکی دیکەوە. چونکە ئاستی ململانێکانی نێوان ئەم دوو نێوەندە وەك چۆن کاریگەری ھەبووە لەسەر کۆی گۆرانکاری و روداوەکانی ئەم دواییەی جیھان، بەھەمان شێوەش لێرەدا کاریگەری ھەبووە لەسەر ئەم پرسە. ھەربۆیە لەم قۆناغەدا چاودێران دابەزینی نرخی نەوت بەبریارێك و کارتێکی سیاسی بەرەی ئەمریکا و ھاوپەیمانەکانی لێکدەدرێتەوە کەلە دیارترینیان سعودیەیە، ئەمەش بۆ زیانگەیاندن بە ئابوری و بازاری نەوتی وڵاتانی نەیاری سیاسەتی ئەمریکا کە روسیاو دەوڵەتانی وەك ئێران و فەنزوێلا رابەرایەتی دەکەن.

ئەمەی لەئێستادا رودەدات دووبارەبونەوەی رەفتاری لەمێژینەی دەوڵەتانی باڵادەستە کە زۆرجار ئەم رێکارەیان لەرابردوی ململانێکاندا تاقیکردوەتەوە. وەك بەکارھێنانی کارتی فشار، گۆرانکاریان بەسەر بازاری نەوتدا ھێناوە.

لەو ساتەوەی نرخی نەوت بەرەو دابەزین دەروات، پەنجەکانی تۆمەت بۆ سعودیە ڕادەکێشرێن، کە ئەم وڵاتە بە تەنھا بێت، یان بە ھاوبەشی لەگەڵ ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بازاڕی نەوتیان روەو نغرۆبون بردووە. بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە بۆچی ئەم دوودەوڵەتە ھاوپەیمانە لەم قۆناغەدا پەنایان بردۆتە بەر

بەکارهێنانی ئەم کارتە، لەکاتێکدا بۆ خۆشیان وڵاتی بەرهەم هێنەری نەوتن کە پێدەچێت دواجار زیانی دارایی بەخۆشیان بگەیەنێت. ئەم پێشبینی کردنە بۆ سعودییە راستە، بەڵام هۆکارەکان چین؟ بۆچی سعودییە سورە لەسەر دابەزاندنی بەردەوامی نرخی نەوت و کەمنەکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە هەوڵدەدەین لەرێگەی چەند خاڵێکەوە دیارترین ئەو هۆکارانەی لەپشت دابەزاندنی نرخی نەوتن لەسەر ئاستی هەرێمی و نێو دەوڵەتی بخەینە روو.

## 1. ململانێی هەرێمی سعودییە و ئێران

نەوت یەکێکی دیکەیە لەو فاکتەرانەی کەلەئێستای ململانێکانی نێوان سعودییە و ئێراندا ڕۆڵێکی دیار و بەرچاو دەگێرێت، هاوشانی فاکتەرەکانی دیکە، لە دیارترینیان فاکتەری هەژمونخوازی و مەزهەبیە لە نێوان هەردوو رابەری (سونی و شیعی) لەجیهان و تەواوی ناوچەکەدا. ئەمەش لەپێناو زاڵبون بەسەر کەنداوی فارس ( کەنداوی عەرەب) بەتایبەتی و هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچەکە بەگشتی.

جاری یەکەم نیە کە سعودیە نەوت وەك چەکێکی سیاسی دژبە ڕکابەرەکانی بەکاردەهێنێت. بەدیاریکراویش دژ بە ئێران. چونکە سعودیە دەزانێت کە ئەگەر بری بەرهەمی نەوتی زیادبکات و نرخەکەی بۆ نیو هێندە دابەزێنێت، ئەوا یەکەم هێز لەناوچەکەدا کە زەرەرمەند دەبێت ئێرانە. چونکە ئاشکرایە بەشی زۆری داهاتی ئێران وەك دەوڵەتێکی رکابەری هەرێمی سعودییە لەناوچەکەدا، پشتی بەفرۆشی نەوت و سەرچاوەکانی دیکەی وزە دەبەستێ.

لەرویەکی دیکەشەوە ئێران بەپشت بەستن بە سەرچاوەی داراییەکانی بەردەوام پاڵپشتی ماددی و سەربازی پێشکەش بە باڵ و گروپ و رەوت و لایەنە شیعیە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکە دەکات. هەربۆیە ئەگەر سعودییە بیەوێت لەم روەوە لەبەرژەوەندی ئێران بدات، پێویستە کار لەسەر سەرچاوەی هێزی ئێران بکات، ئەویش لایەنە داراییەکەیەتی.

سعودییە ئەم کارتەی چەند جارێك دژی ئێران بەکارهێناوە، دواترین جار لەسەروبەندی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی ساڵی 2009 ئێراندا بوو، کە هاوکات بوو لەگەڵ قەیرانی دارایی جیهان. بەم هۆیەوە سعودیە بازاڕی نەوتی لەو کاتەدا داشکاند. ئەم داشکاندنەی نرخی نەوت لەماوەیەکی کورتدا کاریگەری کردە سەر باری دارایی ئێران. بەم هۆیەوە (محمد ئەحمەدی نەژاد) ناچاربوو لەپێناو روبەروبونەوەی ئەم قەیرانەدا، پرۆگرام و هاوکارییە کۆمەلأیەتیەکانی لەناوخۆ و دەرەوە ڕابگرێ. دواتر ئەنجامی

هەڵبژاردنەكانیش خراپترین پێشێلكاری سیاسی و ساختەكاری لەگەڵ خۆیدا بەرهەم هێنا. بەم هۆیەشەوە شۆرشی سەوز رویداو دۆخی ناوخۆی ئێران بۆ ماوەیەكی زۆر بە ناسەقامگیری مایەوە.

لەئێستاشدا ئێران توانیویەتی زۆرێك لەخواستەكانی لەناوچەكەدا بهێنێتەدی. كە خۆی دەبینێتەوە لە (مانەوەی رژێمی بەشار ئەسەد، باڵادەستی حیزبوڵا بەسەر هاوكێشەی سیاسی لوبناندا، دەستكراوەی لایەنی شیعە بەسەر ناوەندی بریار لەعێراقدا، پشتگیری كردن لەنارەزای شیعەكانی دژ بەحكومەتی بەحرەین، هاوكاری جوڵانەوەی حوسیەكانی یەمەن، پشتیوانی سەربازی بەحەماس بۆ لێدانی ئیسرائیل...).

گومانی تێدانییە هەژمونی ئێرانیش بەسەر ئەم نێوەندانەدا، لەلایەن سعودییەو دەوڵەتانی هیلالی سونییەوە بەمەترسییەكی گەورە بۆ سەرناوچەكە لێك دەدرێتەوە. هەربۆیە سعودییە ئامادەیە لەپێناو لاوازكردنی ئێران و هێز و گروپە پشتیوانەكانیدا گشت رێگایەك بگرێتەبەر و كۆی كارتەكانی لەم نێوەندەدا تاقیبكاتەوە.

بۆ سعودییە دابەزاندنی نرخی نەوت لەكاتی ئێستادا باشترین بژاردە بوو، بەو مەبەستەی هاوشانی ئەو گەمارۆ ئابورییەی كەلە لایەن وڵاتانی خۆرئاواوە بەسەریدا سەپێنراوە، گورزێكی بەهێز لە بارودۆخی سیاسی و ئابوری ئێران بدات. ئەمەش لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجەكان لەسەر بنەمای لێدان لە بەرژەوەندییەكانی ئێران. كەلایەنی كەم خۆی لەدورخستنەوەی باڵادەستی ئێران بەسەر هاوكێشە سیاسیەكانی ناوچەكەدا دەبینێتەوە.

هاوكات سعودییە و ئەمریكا ئامانجێكی دیكەیان هەیە، لەدابەزاندنی نرخی نەوت، ئەویش بەفشار خستنە سەر ئێران، بەئامانجی دەستبەرداربونی ئێران لەپیتاندنی یۆرانیۆم بۆ بەرنامە ئەتۆمیەكەی. چونكە بەردەوام دەوڵەتانی ناوچەكە و جیهان، بەرنامە ئەتۆمیەكەی ئێران بە زەنگێكی مەترسیدار بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان تەماشا دەكەن. لەم نێوەندەشدا ئەمریكا و سعودییە دەیانەوێت ئەم رێكارە بكەنە كارتێكی گوشار ، تا لە ماوەی 6 مانگی داهاتوودا، ئێران نەرمی زیاتر بنوێنێت بەرامبەر گرووپی (پێنج + یەك) ، بۆ گەیشتن بە رێككەوتنی ئەتۆمی. چونكە لەئێستادا تارادەیەكی زۆر چارەنووسی نرخی نەوت لە جیهاندا بەیەكێك لە دیارترین فاكتەرە گرێدراوەكان بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران لێك دەدرێتەوە.

دوای دابەزینی نرخی نەوت لەبازاری جیهاندا بەنزیكەی 40٪ ، بەرپرسانی ئێران راستەوخۆ ئەم دابەزینی نرخی نەوتەیان بە پیلانێكی هەرێمی و نێودەوڵەتی (سعودیە و ئەمریكا) ناوبرد. هەر ئەمەش ئێرانی ناچاركرد كە لەمیانەی ئەو كێبركێ توندەی لە بازارەكانی ئاسیادا هەیە، لەنێوان فرۆشیارانی نەوتدا، لەپاڵ (سعودییە و كوەیت وعێراقدا...) داشكاندنێكی گەورەی لە نەوتە سوكەكەیدا بكات، بە رێژەی 1.8 دۆلار.

ئەمەش بۆ ئێران بەرزترین داشکاندنە کەلە ماوەی 14 ساڵدا بۆ کڕیارەکانی نەوتی کردبێت، لە کیشوەری ئاسیادا. بێگومان بەردەوامی ئەم دۆخە لەئایندەیەکی نزیکدا کاریگەری نەرێنی بۆ سەر دۆخی ئابوری و داهاتو خەرجیەکانی ئێران دروست دەکات. بۆیە لەئێستاوە دەسەڵاتدارانی ئێران کەوتونەتە خۆیان و کاردەکەن بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە دوو قۆڵیە ئابورییەکانیان لەگەڵ هەریەك لەروسیاو ڤەنزوێلا، بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەکی گونجاو لەپێناو کەمکردنەوەی لایەنی کەمی ئاسەوارەکانی دابەزینی نرخی نەوت، تاوەکو هیچ نەبێت بتوانن بەهاوکاری یەکدی رێگربن لەبەردەم روودانی قەیرانی ئابوری لەوڵاتەکانیاندا.

## 2. ململانێی نێودەوڵەتی ئەمریکا و روسیا

پاش جەنگی سارد بەردەوام جۆرێك لەلێکەوتەی رابردوو بەسەر پەیوەندییەکانی روسیا و ئەمریکاوە بەدیکراوە. ئەم دیاردەیەش لەقەیرانی سوریادا بەزەقی رەنگی دایەوە، پاش بەکارهێنانی دوو جار مافی ڤیتۆ لەلایەن روسیاوە، لەئەنجومەنی ئاسایش بۆ رێگری لەبەکارهێنانی هێز دژی رژێمەکەی بەشار ئەسەد. ئەمەش بە سەرەتای سەر هەڵدانەوەی ململانێکانی نێوان ڕوسیاو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لێکدرایەوە. هاوکات سنوری ململانێکانی هەردوولا پەڕینەوە بۆ ئۆکرانیای هاوسێ و هاوپەیمانی ڕوسیا کەبەهۆیەوە (ڤیکتۆر یانکۆڤیچ)ی هاوپەیمانی روسیا لەدەسەلات دورخرایەوە. ڕوسەکانیش لەبەرامبەردا نیوە دورگەی کریما (قرم) یان داگیرکرد و هانی هاونیشتیمانیانی ئەو نیوە دورگەیەیاندا بۆ ئەنجامدانی راپرسی و راگەیاندنی سەربەخۆی. لەم نێوەندەشدا ئەوروپا و ئەمریکا بریاریاندا سزای ئابوری بخەنە سەر روسیا. بەئامانجی وەستانی چالاکیە ئابوریەکانی روسیا. تاوەکو لەم رێگەیەوە روسیا ناچار بەکشانەوە بکەن لەدەست تێوەردان لەبارودۆخی ئۆکرانیا.

تا ئەم ساتەوەختەش ململانێکانی نێوانیان وەك كار و کاردانەوە بەردەوامی هەیە، هەربۆیە پاش دابەزینی نرخی نەوت راستەوخۆ (ڤلادیمێر پۆتین)ی سەرۆك کۆماری روسیا پەنجەی تۆمەتی بۆ ئەمریکا راکێشا. پۆتین پێی وایە ئەمریکا بەپشتیوانی سعودییە ئەم رێکارە بەکاردێنێ بۆ فشار خستنە سەر روسیا و زیانگەیاندن بەبەرژەوەندییە سیاسی و ئابورییەکانی لەناوخۆ و جیهاندا. چونکە لەئێستادا روسیا یەکێکە لەگەورەترین وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت. کەرۆژانە بری 10.3 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت، کەبەرامبەرە بەرێژەی 13.2٪ کۆی نەوتی جیهانی بەرهەمهێنراو.

هاوکات روسیا لەروی بەرهەمی گازی سروشتییەوە لەپلەی یەکەمی وڵاتانی جیهان دێت کەخاوەنی 47.8 ترلیۆن مەتر سێجا، کە بەرامبەرە بەرێژەی 44.8٪ یەدەگی گازی جیهانی. واتە روسیا لەپێش ئەمریکاوەیە کەلە پلەی پێنجەم ریزبەندی گەورەترین وڵاتان دێت، کەخاوەنی 9.459 ترلیۆن مەتر سێجایە، لەروی خاوەنداری بۆ یەدەگی گازی سروشتی. بەڵام بەم دواییانە، روسیا بەهۆی شکستی پشت بەستنی بەداهاتی دیکە جگە لەنەوت و گاز وفاکتەری سزای ئابوری ئەوروپا و ئەمریکا، داهاتی گشتی روسیا تا ئاستی نیوە ڕوی لەدابەزین کرد. بۆ پڕکردنەوەی ئەو داهاتەی روسیا، پێویستی دەکرد نرخی نەوت بەرزبێتەوە بۆ نزیکەی 100 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، ئەوەش لەپێناو هاوسەنگ کردنەوەی بودجەو چارەسەری کورت هێنان. بەڵام خواستەکەی روسیا پێچەوانە بویەوە، ئەوەبوو لەبری بەرزبونەوە نرخی نەوت زیاتر دابەزی لەو 90 دۆلارەی کە بۆ بەرمیلێك نەوت لە بودجەی روسیادا خەمڵێنرابوو. بەم شێوەیە ئاستی قەیرانە ئابورییەکەی روسیای لەگەڵ دابەزینی بەردەوامی بەهای نەوتدا قوڵتربویەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کەبەشێکی دیکە لەئامانجەکانی دابەزینی نرخی نەوت و سامانە سروشتیەکان پەیوەندیدارە بەکێبرکێ نێوان پرۆژەکانی هەردوو دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵ کردنی بازاڕی ئەوروپا و سەرچاوەکانی گاز. بەوپێیەی ئەمریکا خواستی هەیە، لەبری روسیا پرۆژەی (نابۆکۆ) و گازی وڵاتانی کەنداوی هاوپەیمانی ئەمریکا کۆنترۆڵی بازاری گازی جیهانی بکەن، بەتایبەت لەئاسیای ناوەند و ئەوروپادا. هەرچەندە وابڕیار بوو کە پرۆژەی نابۆکۆ بکەوێتە کار بەڵام بەهۆی هەندێ گرفتەوە دواکەوت بۆ ساڵی 2017. ئەمەش رێگای خۆشکرد لەبەردەم چالاکبونی پرۆژەکەی روسیادا، ئەگەری بردنەوەی ململانێکەی لەم نێوەندەدا تا ئاستێك بۆ ڕوسیا یەکلاکردەوە.

پێدەچێت پاش سەرنەکەوتنی ئەم پلانە، بۆ ئەمریکا دابەزاندنی نرخی نەوت باشترین و گونجاوترین بژاردە بوبێت، تا ئەوەی لەنزیکترین ماوەدا فشارێکی گەورە بخاتە سەر بازاری وزەی روسی. ئەمەش لەپێناو قوڵکردنەوەی قەیرانی ئابوری لەو وڵاتەدا، کەبەم دواییانە لێکەوتەکانی بەسیمای ئابوری ئەو وڵاتەوە دەرکەوتووە.

هەرچەندە پۆتین پێی وایە ئەستەمە بەبەڵگەوە بسەلمێنرێت کەئەمریکا و سعودییە بە مەبەست بازاری نەوتیان شکاندبێت بۆ زیانگەیاندن بەروسیا، بەڵام ناوبراو پێی وایە ئاماژەکان هەموو بەو ئاراستەیە هەنگاو دەنێن، کەئەمە پلان و کارتێکی سیاسی نێودەوڵەتیە بۆ شکاندنی روسیا. بەهەمان شێوە (تۆماس فریدمان) لێکۆڵەری ناسراوی ئەمریکا لە وتارێکدا تەئکید لەو تیۆرییە دەکاتەوە کە جەنگێکی نەوتی دژی ئێران و

روسيا بەرێوە دەبرێت، ئەمەی لەئێستادا رودەدات هەمان پلانە كە سعودیە و ئەمریكا لەجەنگی ساردا لە بەرامبەر یەكێتی سۆڤیەتی پێشوو بەكاریانهێنا.

لە ئێستادا بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە، دراوی ڕۆبڵی روسی پاشەكشەی كردوە بەرامبەر بە دۆلار و یۆرۆ، بەشێوەیەك نرخی یەك دۆلاری ئەمریكی بەرامبەر بە 56 رۆبڵی روسیەو 75 رۆبڵی روسی بەرامبەرە بە یەك یۆرۆ، هاوكات تەنها لەماوەی دوانزە مانگی رابردوودا بەهای روبڵ لەبازاردا بە رێژەی 50٪ دابەزیوە.

بەم هۆیەوە وا مەزەندە دەكرێت كە ئەو وڵاتە زیاتر لە 100 ملیار دۆلار زیانی دارایی بەر بكەوێت.

هەموو ئەم هۆكارانە بانكی ناوەندی روسیای ناچاركرد دەستێوەردان بكات و نرخی سووی بانكی بۆ 17٪ بەرزبكاتەوە، پێشبینی ئەوەش دەكرێت كە حكومەتی روسیا پەنا بباتە بەر فرۆشتنی بەشێك لەو 1.117 تۆن یەدەگی ئاڵتونەی كەپاشەكەوتی كردووە. ئەمەش وەك بەشێك لە هەوڵی چارەسەركردن و رزگار كردنی وڵاتەكەیان، لەو قەیرانە داراییەی كەبەرۆكی گرتوون، هاوشانی دابەزینی نرخی نەوت. هەموو ئەم پێشهاتە نادیارانە و ئاڵۆزانە بۆ روسیا پێشبینی خراپتر بونی دۆخی ئابوری ئەو وڵاتە زیاتر زەق كردوەتەوە. لەبەرامبەردا ئۆپۆزسیۆنی روسیاش دەنگی ناڕەزایەتیان بەرز كردۆتەوە، بەجۆرێك كە پێیان وایە: ئابووری روسیا بەرەو قۆناغێكی مەترسیداری پێشبینی نەكراو هەنگاو هەڵدەنێت.

## 3. ململانێی ستراتیژی سعودییەو ئەمریكا

لەئێستادا سعودییەو ئەمریكا وەك دوو دەوڵەتی پشتیوان لەدابەزاندن و یاریكردن بەنرخی نەوت تۆمەتبار دەكرێن. چونكە ئاراستەی روداوەكان بەجۆرێك هەنگاو دەنێن، كەهەموان لەسەر ئەو بۆچونە كۆكبن كە لەئاكامدا ئەم جۆرە لە سیاسەت، تەنیا سود بەبەرژەوەندی و ئامانجی دوو دەوڵەت دەگەیەنێ، كە ئەوانیش (ئەمریكا و سعودییە)ن. بەڵام لەگەڵ بونی ئەم راستیەشدا ناكرێت ئەمە وەك پلانێكی دورمەودا لەسەر هەمان ئاراستە بۆ هەردولا لێك بدرێتەوە. چونكە بەردەوامی دابەزاندنی نرخی نەوت لەئێستادا زیان بەبودجە و داهاتی سعودیە دەگەیەنێت، ئەگەرچی كاریگەریەكەش بەئاراستەیەكی زۆر نەبێت.

لەبەر ئەوە ناكرێت و ناگونجێت سعودییە بەبێ بونی ئامانجێكی ستراتیژی ئامادەبێت رۆژانە بەسەدان هەزار دۆلار زیان بە داهاتی خۆی بگەیەنێت، لەبەرامبەردا سودی ئەم زیانە، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە بچێتە گیرفانی ئەمریكاوە.

لەم ڕوانگەیەوە پێویستە گریمانەی ئەوە بكرێت كە پاڵپشتیكردنی سعودیە لە دابەزینی نرخی نەوت، لەبنەرەتدا جگە لەلێدان لەبەرژەوەندی وڵاتانی نەیاری لەروی هەرێمییەوە، پلانێكیشە بۆ شكستهێنان بەپڕۆژەی دەرهێنانی نەوتی لیتەیی (بەردی)، كەلە ئێستادا ئەمریكا بەرهەمی دەهێنێت. چونكە لە

بارودۆخی ئەمڕۆدا پێگەی درێژخایەنی وڵاتانی کەنداو لە بازاڕی وزەدا ڕووبەڕووی کێبڕکێ دەبێتەوە لەلایەن ئەو جۆرە نەوتەوە.

نەوتی بەردی ترسی زۆری بۆ وڵاتانی ئۆپیك دروستکردووە، بەوپێیەی پێشبینی دەکرێت کەلەئایندەیەکی نزیکدا بتوانێت لەروی بر و جۆرێتیەوە ململانێی نەوتی جیهانی بکات و زیان بەبازاری نەوتی (ئۆپیك) بەدیاریکراوی بگەیەنێت. بەڵام خاڵی لاوازی ئەم جۆرە لەنەوت، کە دەبێتە هاوکاری سعودییە و وڵاتانی ئۆپیك، تاوەکو ئیش لەسەر لێدانی ئەم پرۆژەیە بکەن. ئەوەیە کە دەرهێنان و وەبەرهێنانی ئەم جۆرە نەوتە کە ئەمریکا پێی هەڵدەستێت، بۆ هەر بەرمیلێك نزیکەی 65 بۆ 70 دۆلاری تێدەچێت، بۆیە سعودیە وابیردەکاتەوە ئەگەر نرخی نەوتی خاو لە بازارەکاندا بەم شێوەیەی ئێستا لەبازاڕدا دابەزێنێت، پرۆژەی دەرهێنانی نەوتی لیتەیی ئەمریکی شکست دەهێنێت.

لەو بارەیەوە کۆمپانیای (بەیکەر نیوزی ئەمریکی بۆ خزمەتگوزاریە نەوتییەکان) لە ناوەڕاستی کانونی یەکەمی 2015 ئاشکرای کرد، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە، قازانجی کۆمپانیا نەوتییەکان دابەزیون، بەجۆرێك کە 29 بورجی هەڵکۆڵینی نەوتیش بەم هۆکارانە لە کارکردن راگیراون.

بەهەمان شێوە ئاژانسی DW ئەڵمانی زۆر رونتر پەنجە دەخاتە سەر ئەم لایەنەو لە راپۆرتێکدا ئەوە دەخاتەڕوو: پیشەسازی دەرهێنانی نەوتی بەردی ئەمریکا ئێستا رۆژگاری زێرینی خۆی تێپەراندوەو پێدەچێت لەداهاتوودا لە رۆژگارێکی سەخت بەریٚ بکات.

هەر بەپێی هەمان راپۆرت، بەردەوامی لەدابەزینی نرخی نەوت دەبێتە "مەسەلەی مەرگ و ژیان" بۆ کۆمپانیاکانی ئەمریکا، چونکە لەئاکامدا بەرهەمهێنانی نەوتی بەردی لەسایەی دابەزینی نرخی نەوتدا جگە لەزیان چاوەروانی هیچی دیکەی لێناکرێت.

## 4. فاکتەرە گشتییەکان

1. وڵاتانی پیشەسازی و بەرهەمهێنی پێشکەوتوو هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی دیکەی وزەی وەك (تیشکی خۆر، وزەی با و وزەی ئەتۆمی ...). وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ سەرچاوەکانی وزەی وەك نەوت و گاز. ئەم رێکارەش هۆکارێك دەبێت بۆ کەمتر پەنا بردنە بەردەم بەکاربردنی نەوت لەبواری پیشەسازی و بەرهەمهێناندا. هەر بۆیە لێکەوتەی ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆکار بۆ دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوت لەئایندەدا. ئەمەش بەهۆی کەمتر پێویستی بەبەکاربردنی نەوت و گاز و بەکارهێنانی سەرچاوەی دیکەی جێگرەوە.

2. چین بەدووەم دەوڵەتی هاوردەکاری نەوت لەجیهاندا دادەنرێت، بەڵام کێشەی ئابوری ئەو وڵاتە بۆتە هۆی خاوبونەوەی گەشەکردنی کەرتی بەرهەمهێنان و پیشەسازی، بەم هۆیەشەوە هاوردەکردنی نەوت بۆ چین کەمیکردوە، هەربۆیە دۆخی ئابوری چینیش بەهۆکارێکی دیکەی دابەزینی ئاستی خواست لەسەر نەوت دادەنرێت، بەجۆرێك ئەمەش کاریکردوەتە سەر دابەزینی بەهای نەوت لەبازاری نەوتی جیهانیدا.

3. هاوشانی بەرهەمهێنانی نەوتی لیتەیی (بەردی) لە ئەمریکا، ئێستا چەندین وڵاتانی ئەفریقی و ئەمریکای باشوور وەبەرهێنانی زۆریان لە بواری نەوتی خاوی ئاساییدا ئەنجام داوە و بڕی بەرهەمهێنانی نەوتیان بەرزکردۆتەوە. ئەمەش هۆکارێکە بۆ زیادبونی ئاستی وەبەرهێنان و خستنە روی بری نەوتی لەجیهاندا. بۆ نمونە لە وڵاتێکی وەك مەکسیك پاش ئەوەی دەسەڵاتی بەرهەمهێنانی نەوت درا بە کەرتی تایبەت، چاوەڕوان دەکرێت کە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەو وڵاتەدا بەشێوەیەکی دیار لەچاو رابردودا بەرزتر ببێتەوە.

4. پێدەچێت یەکێکی دیکە لەهۆکارەکان پەیوەندیداربێت بەکۆنترۆڵکردنی زۆرێك لەبیرە نەوتەکانی سوریاو عێراق لەلایەن داعشەوە. چونکە بەشێکی زۆری داهات و سەرچاوەی دارایی ئەم رێکخراوە پشت بە هەناردەو فرۆشی نەوت دەبەستێت، لەبازاری رەشدا. هاوکات داعش ئاستی خستنەرووی نەوتی لەبازاری خۆرهەڵاتی ناوەراستدا زیاد کردووە. بە نرخێکیش نەوت دەفرۆشێت، کە دابەزینی نرخی نەوت هێشتا نەگەشتوەتە ئەو ئاستە ك لە نێوان 20 –30 دۆلاردا بەرمیلێك نەوت بفرۆشرێت.

## کاریگەری دابەزینی نرخی نەوت لەسەر دەوڵەتان

گومانی تێدا نییە دابەزینی نرخی نەوت ئاکامەکەی بۆ دەوڵەتان وەك یەك نییە، بۆ نمونە هەندێك لەدەوڵەتان زەرەرمەندی یەکەمی ئەم دابەزینە نوێیەی نرخی نەوت دەبن وەك (ئێران، رووسیا، ڤەنزوێلا، نەیجیریا، عێراق، سعودیە، وڵاتانی دیکەی کەنداو). لەبەرامبەردا هەندێك لەدەوڵەتانی دیکەی وەك ( ئەمریکا، چین، ژاپۆن، هندستان، وڵاتانی ئەوروپا) سودمەندی گەورەن لە نزمبونەوەی نرخی نەوت. بەڵام دواجار کاریگەریی زیان و سود لە نێوان دەوڵەتەکاندا جیاواز دەبێت، بەجۆرێك هەر دەوڵەتێك پشکێکی جیاوازی لەسود و زیان بەردەکەوێت. هەر بۆیە ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین دیارترین دەوڵەتانی زیانمەند و سودمەند بەم جۆرە دەستنیشانبکەین:

### یەکەم: دەوڵەتانی زەرەرمەند لەدابەزینی نرخی نەوت

ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوتدا زەرەرمەند دەبن، سەرجەمی ئەو وڵاتانەن کە بۆ دابینکردنی داهات و خەرجیەکانیان بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە فرۆشتنی نەوت دەبەستن. ئەمەش وایکردوە لەگەڵ دابەزین و بەرزبونەوەی نرخی نەوتدا دۆخی ئابوری ئەم وڵاتانە دوچاری گۆرانی جیاواز ببێتەوە. لەدیارترینی ئەو وڵاتانەش بریتین لە:

1. **ئێران**

هەرچەندە حکومەتی ئێران راهاتووە ئیدارەی دۆخی ئابوری خۆی بکات، سەرەرای ئەو سزا ئابورییانەی کەبەردەوام لەلایەن رۆژئاواوە خراونەتە سەری. بەڵام دۆخی ئەمجارە بۆ ئێران جیاوازە، چونکە شادەماری ژیانی ئابوری ئێران وابەستەی داهاتی فرۆشی سەرچاوەکانی وزەیە لەناویشیاندا نەوت بەدیاریکراوی. هەر لەبەر ئەوە داشکانی نرخی نەوت بۆ خوار ئەو نرخەی کەئێران لەبوجەی گشتی وڵاتەکەیدا بەرامبەر فرۆشی یەك بەرمیل نەوت دیاریکردووە، زیانێکی بێ ئەندازە بە داهاتی ئەو وڵاتە دەگەیەنێت.

لەبودجەی 2015 ئێراندا نرخی یەك بەرمیل نەوت بەرامبەر 72 دۆلار خەمڵێنراوە، ئەمە لەکاتێکدا ساڵی 2014 نرخی بەرمیلێك نەوت بە 100 دۆلار دیاریکرابوو. (سندوقی دراوی نێودەوڵەتی IMF)ش پێی وایە ئەگەر ئێران بیەوێت هاوسەنگی بگێرێتەوە بۆ داهاتی گشتی و بودجەی لەکورتهێنان بپارێزێت، ئەوا پێویستە نرخی هەر بەرمیلێك بەرامبەر بێت بە 130 –131 دۆلار. بەڵام ئەوەی لەئێستادا دەبینرێت پێچەوانەی ئەم لێکدانەوەیەیە، بەواتا نرخی فرۆشتنی یەك بەرمیل نەوت بەدوو هێندە زیاتر دابەزیوە کە

ئێران پێویستی پێیەتی. ئەمەش وایکرد کەبەهای دراوی ڕیاڵی ئێرانی لەبەرامبەر دۆلاری ئەمریکیدا بەرێژەی 14٪ دابەزێت.

سندوقی دراوی نێوەوڵەتی لەم سەروبەندەدا پێشبینی کردووە کە بودجەی ئێران لەساڵی نوێدا ڕوبەروی نزیکەی 8.6 ملیار دۆلار کورتهێنان ببێتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە ئێران بەهۆی سزا نێودەوڵەتیەکانەوە زیانێکی زۆری بەر کەوتووە، کە پێشترو لەساڵی 2013 دا (پارێزگاری بانکی ناوەندی ئێران) ئاماژەی پێدابوو کە بەهۆی کاریگەری ولێکەوتەکانی سزاکانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا ڕێژەی هەڵئاوسان لە ئێراندا بۆ 20٪ بەرزبۆتەوە.

بەگشتی ئەم گۆرانکاریانە گوشارێکی دارایی مەزنیان بۆ سەر دۆخی ئابوری ئێران هێناوە. بەجۆرێك کە پێدەچێت زیانەکانی ئێران بەهۆی دابەزینی نەوتەوە زۆر زیاتربێت لەو زیانانەی کەچاوەروانکراون بەهۆی گەمارۆکانی (ئەمریکا، ئەوروپا و نەتەوەیەکگرتوەکان) بەر دۆخی ئابوری و سیاسی ئێران بکەوێت.

## 2. روسیا

روسیاش بەهەمان شێوەی ئێران، دۆخی ئابوریی دوچاری گرفتێکی زۆر بۆتەوە. بەتایبەت لەماوەی ئەم چەند ساڵەی رابردودا، ئەمە جگە لەو ئابلوقەو سزا دەرەکیەش کەبەهۆی دەستێوەردانی دۆخی ئۆکرانیا خراوەتە سەری، کەهێندەی دیکە کاریکردوەتە سەر دابەزینی نرخی دراوی رۆبڵی روسی و ئابوری ئەو وڵاتەی دوچاری تەنگژەی زیاتر کردوەتەوە.

دابەزینی نرخی نەوت، رووسیا دەخاتە ژێر فشارێکی زۆرەوە. چونکە رووسیا لە بودجەی 2015 دا نرخی یەك بەرمیل نەوتی لەنێوان 90 بۆ 100 دۆلار خەملاندووە. لەبەر ئەوە دەبێت روسیا نەوت لەخوار 100 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەفرۆشێت، چونکە بودجەکەی دوچاری کورتهێنان دەبێتەوە. هەرچەندە رووسیا لەئێستادا نزیکەی 450 ملیار دۆلار یەدەگی پاشەکەوتکراوی لەبەر دەستدایە، بەڵام لەوانەیە نەتوانێ بەم برە تەواوی خەرجی و پێداویستیەکان و ئاستی وەبەرهێنان و ئاستی ژیانی هاوڵاتیان و کێشەی بێکاری و هاوتای کورتهێنانی بودجەی وڵاتی پێ راست بکرێتەوە.

## 3. ڤەنزوێلا

ڤەنزوێلا یەکێکی دیکەیە لەو وڵاتانەی کە بۆ دابینکردنی داهاتی بەرێژەی 96٪ پشتی بەهەناردەکردنی نەوت بەستووە. بودجەی ڤەنزوێلا بۆ ساڵی 2015 نرخی بەرمیلێك نەوتی بە 60 دۆلار خەملاندووە. ئەم نرخەش بەدوو هێندە کەمترە لەو نرخەی کە ڤەنزوێلا لەساڵی 2012 نەوتی پێ فرۆشتووە کە 103 دۆلار بوو.

سندقی دراوی نێودەوڵەتی IMF پێی وایە بۆ ڤەنزوێلا پێویستە نرخی نەوت 118 دۆلار بێت، بۆ ڕاگرتنی باڵانس لە بودجەی ئەو وڵاتەدا. هەر بۆیە دابەزینی نرخی نەوت بەبڕی هەر دۆلارێك نزیکەی 450 تا 500 ملیۆن دۆلار زیان بە دارایی ڤەنزوێلا دەگەیەنێت. هاوکات بودجەی ساڵانەی ڤەنزوێلا نزیکە 17٪ کورتهێنانی بە خۆیەوە بینیوە، چاوەڕوان دەکرێت ئەم کورتهێنانە زیاتریش بێت، چونکە پێناچێت یەدەگی نەختینەی ئەو وڵاتە لە ئاستێکدا بێت کە حکومەتی ڤەنزوێلی بتوانێ بەهۆیەوە چارەسەر بۆ قەیرانی ئابوری و کورتهێنانی بودجە بدۆزێتەوە. چونکە قەبارەی قەیرانەکە گەیشتوەتە ئاستێك کە سەرۆکی وڵات (نیکۆلاس مادۆر) ناچار کردووە بە گرتنە بەری ڕێکاری کەمکردنەوەی موچەی کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و کۆمپانیاکان، ئەمەش وەك ڕێکارێکی سەرەتایی و خۆپارێزی لەبەرامبەر دابەزینی نرخی نەوتدا.

سەرۆك کۆماری ڤەنزوێلا (نیکۆلاس مادۆر) ڕایگەیاند: ڤەنزوێلا دەتوانێت لەم دۆخە ڕزگاری ببێت بەمەرجێك نرخی بەرمیلێك نەوت بۆ 100 دۆلار بەرز ببێتەوە. هەرچەندە لەبودجەی ڤەنزوێلادا نرخی نەوت بە 60 دۆلار خەمڵێندراوە.

لەروی تیۆریشەوە گەر ڤەنزوێلا بیەوێت لەو قەیرانانە ڕزگاری ببێت و بودجەی وڵات لەکورتهێنان بپارێزێت، ئەوا دەبێت نرخی بەرمیلێك نەوت بۆ زیاتر لە 100 دۆلار بەرز ببێتەوە، ئەمەش کارێکی ئەستەمە. دواجار دابەزینی نرخی نەوت فشارێکی گەورەی ئابووری دەخاتە سەر ڤەنزویلا. لەگەڵ ئەو سزا ئابوریانەی کەلەلایەن ئەمریکاوە بۆ چەند ساڵێکە خراونەتە سەر ئەو وڵاتە.

### 4. نەیجیریا

نەیجیریا خاوەنی گەورەترین ئابوری و گەورەترین یەدەگی نەوتە لەکیشوەری ئەفریقادا. ڕێژەی 60٪ داهاتی نەیجیریا لەرێی نەوتەوە دەستدەکەوێت، ڕێژەی 95٪ چالاکیە بازرگانیەکانیشی پشت بەهەناردەکردنی نەوت دەبەستێت. بۆیە هەر گۆرانکاریەك لە نرخی نەوتدا، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بارودۆخی ئابوری ئەو وڵاتە جێدەهێڵێت.

ئاستی کارگەریەکانی دابەزینی نەوت لەئێستادا بۆ نەیجیریا زۆر زیاترە لەچاو رابردودا، چونکە پێشبینی دەکرێت ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی نەیجیریا بۆ ساڵی 2015 لەچاو 2014 کەمتربێتەوە، لە 2.38 ملیۆن بەرمیل نەوتی رۆژانەوە بۆ 2.27 ملیۆن بەرمیل نەوت، ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆژانە نزیکەی 100 هەزار بەرمیل نەوتی ئەو وڵاتە لەلایەن چەکدار و چەتە ڕێگرەکانەوە بەتاڵان دەبرێت دەکاتە 5٪ نەوتی نەیجیریا. هاوکات نەیجیریا بۆ ئەوەی بودجەکەی هاوسەنگ بێت و خۆی لە کاریگەریەکانی کورتهێنان بپارێزێت، ئەوا دەبێت نرخی نەوت بۆ هەر بەرمیلێك بە 118 دۆلار دابنرێت.

لەدیارترین کاریگەریش کەلە ئێستادا بە ئابوری نەیجیریاوە دەردەکەوێت، بریتییە لەدابەزینی بەهای دراوی نەیجیری (نایرا) کەلەماوەی چەند هەفتەیەك بەسەر دابەزینی نرخی نەوتدا، نرخەکەی بە ڕێژەی 4٪ لەبەرامبەر دۆلاردا دابەزیوە، ئەمە جگە لەوەی پێشبینی دەکرێت کە بودجەی ساڵی 2015 ی نێجیریا دوچاری کورتهێنان ببێتەوە. چونکە لەبودجەی 2015 دا نەیجیریادا بۆ نرخی هەر بەرمیلێك 78 دۆلاری دیاریکردووە. لەکاتێکدا نرخی نەوت هاتۆتە خوار 50 دۆلارەوە.

بەم جۆرە هاوشانی قەیرانی سیاسی ئەو وڵاتە بەدەست گروپە چەکدارییەکانی وەك (بۆکۆ حەرام)، پێشبینی دەکرێت کێشەو قەیرانی دارایش، لە ئایندەدا بۆ نەیجیریا ببێتە ئەگەرێکی کراوە.

## 5. بەحرەین

وڵاتی بەحرەین یەکێکی دیکەیە لەو وڵاتانەی کەرێژەی 85٪ داهاتی گشتی پشت بە فرۆشتنی نەوت دەبەستێت، ئەم وڵاتە لە بودجەی 2013-2014دا نرخی بەرمیلێك نەوتی بە 90 دۆلار خەمڵاندبوو. ئەگەرچی پێشبینی ناکرێت لەساڵی 2015دا نرخی نەوت بگاتەوە ئەو ئاستە.

بەحرەین رۆژانە لەهەناردەکردنی 194 هەزار بەرمیل، نزیکەی 17.46 ملیۆن دیناری دەست دەکەوت. بەڵام لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت ئەم رێژەیە کەم دەکات بۆ 11.64 ملیۆن دینار، واتە بەحرەین تەنها لە دابەزینی نرخی نەوت بۆ خوار 90 دۆلار بەماوەیەکی پێوانەیی و لەچەند رۆژێکدا 5.82 ملیۆن دینار زیانی بەرکەوتووە.

بەرپرسانی ئەو وڵاتە پێیان وایە کە بەحرەین بۆ ماوەیەکی درێژ ناتوانێت بەرگەی دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوت بگرێت. بەتایبەت پاش ئەوەی بەرپرسانی دارایی ئەو وڵاتە رایانگەیاند کەتەنها لەماوەی پێنج هەفتەدا بەهۆی دابەزینی بەهای نەوتەوە، زیانی 261 ملیۆن دۆلار بە ئابوری بەحرەین گەیشتووە.

ئەگەر دەسەڵاتدارانی بەحرەین بیانەوێت بودجەی وڵاتەکەیان لەکورتهێنان بپارێزرێن و هاوسەنگی لەنێوان خەرجی و داهاتەکانیدا بهێننە دی، ئەوا پێویستە نرخی بەرمیلێك نەوتیان بە 120 دۆلار دابنێن. بەڵام ئەمە مەحاڵە، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت بۆ خوار 50 دۆلار. بەم شێوەیە چاوەروان دەکرێت لەئایندەیەکی نزیکدا چەند قەیرانێك بەرۆکی بەحرەینیەکان بگرێتەوە. چونکە ئەگەر ئەم دۆخە بەردەوام بێت، ئەوا بەحرەین لە فرۆشتنی نەوت نزیکەی 1.2 ملیار دیناری دەست دەکەوێت، لەکاتێکدا بەحرەین پێویستی بە 1.3 ملیار دینار دەبێت، بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی رۆژانە و پێدانی موچەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی وڵاتەکەی.

لێرەوە ئاماژەکانی هاتنە کایەی قەیرانی راستەقینە بۆ بەحرەینییەکان دەبێت بە واقیع. وەك ئەوەی کە گۆڤاری (وۆڵ ستریت جۆرناڵ ) لەمیانی راپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوە داوە کە لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوتدا بەحرەین نزیکەی 0.5٪ لە کۆی گشتی داهاتی ناوخۆی زیانی بەرکەوتووە، لەروی دارایشەوە لەماوەیەکی پێوانەیدا زیانێکی زۆری دارایی بەرکەوتووە، کە ئەو گۆڤارە زیانەکانی بە 170 ملیۆن دۆلار خەملاندووە.


## 6. کوەیت


باری ئابووری کوەیت زۆر پەیوەستە بە نرخی نەوتەوە، چونکە 95٪ داهاتی گشتی ئەو ولاَتە پشت بە نەوت دەبەستێت. لە بودجەی 2014ی ئەو ولاَتەدا نرخی بەرمیلێك نەوت بەرامبەر بوو بە 75 دۆلار بوو، بۆ ساڵی 2015 نرخی بەرمیلێك نەوتی لەنێوان 55 – 60 دۆلار خەملاندووە. بۆیە نزمبوونەوەی نرخی نەوت بۆ خوار 50 دۆلار، کاریگەریی گەورەی لەسەر باری دارایی کوەیت دەبێت. رۆژنامەی (وۆڵ ستریت جۆرناڵ ) زیانەکانی کوەیتی لەدابەزینی نرخی نەوت بۆ ساڵی 2015 بە 31 ملیار دۆلار مەزەندە دەکات.


لەم بارەیەشەوە سەرۆکی لیژنەی بودجە لە پەرلەمانی کوەیت رایگەیاندووە کە بودجەی ساڵی 2015 کوەیت روبەروی کورتهێنان دەبێتەوە، ئەگەری هەیە بری کورتهێنانەکە بگاتە 2.8 ملیار دینار کەبەرامبەرە بە 10 ملیار دۆلاری ئەمریکی. ئەمەش خۆی لەخۆیدا گۆرانکاریەکی گەورەیە کەبەسەر بودجەی ئەو ولاَتەدا دێت، لەچاو رابردودا. چونکە داهاتی کوەیت لە ساڵی 1995 تا ئێستا روبەروی قەیرانێکی لەو جۆرە نەبوەتەوە و بەردەوام داهاتی لە بودجەکەی زیاتر بووە.

**رێژەی پشتبەستنی ولاَتان بەهەناردەی نەوت**

| زیاتر 80٪ | نزیکەی 50٪ | کەمتر لە 20٪ |
|---|---|---|
| جەزائیر | نەرویج | مەکسیك |
| نەیجیریا | یەمەن | روسیا |
| قەتەر (لەگەڵ گاز) | سودان | مالیزیا |
| لیبیا | سوریا | ئەندەنوسیا |
| سعودییە | | |
| کوێت | | |
| عێراق | | |
| ئێران | | |
| کازاخستان | | |


پێویستە نرخی نەوت چەند بێت بۆ ئەوەی بودجەی وڵاتانی ئۆپێک هاوسەنگ بێت
قەتەر 77$
کوەیت 78$
ئیمارات 81$
عێراق 101$
سعودیە 104$
ڕوسیا 105$
فەنزویلا 118$
نێجیریا 123$
جەزائیر 131$
ئێران 131$
لیبا 184$
Source: Deutsche Bank and IMF


ڕیزبەندی وڵاتانی ئۆپێک لە یەدەگی نەوتی خاو - 2013 - ملیار بەرمیل
فەنزویلا 24.7% 298.4
سعودییە 22.0% 265.8
ئێران 13.1% 157.8
عێراق 12.0% 144.2
کوەیت 8.4% 101.5
ئیمارات 8.1% 97.8
لیبیا 4.0% 48.4
نێجیریا 3.1% 37.1
قەتەر 2.1% 25.2
جەزائیر 1.0% 12.2
ئیکوادۆر 0.7% 8.8
ئەنگۆلا 0.7% 9.0
0.0 50.0 100.0 150.0 200.0 250.0 300.0
Source: OPEC Annual Statistical




## دووەم: دەوڵەتانی سودمەند لەدابەزینی نرخی نەوت

ئەو وڵاتانەی کەلە دابەزینی نرخی نەوتدا سودمەند دەبن، سەرجەمی ئەو وڵاتانەن کەپشت بە هاوردەکردنی نەوت دەبەستن، وەك سەرچاوەیەکی بەرهەمهێنان و دابینکردنی وزە، ئەمەش وایکردوە کە لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت، دۆخی ئابوری ئەم وڵاتانە گەشەکردن بەخۆیەوە ببینێت، بەهۆی بەکارهێنانی ئەو سەرمایەیەی کەلە کڕینی نەوتدا بۆیان دەگەڕێتەوە.

### 1. ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا

دابەزینی نرخی نەوت، وەك چۆن لەلایەك دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە نەوتی لیتەیی، لەلایەکی تریشەوە کاریگەری ئەرێنی زۆر گەورە لەسەر ئابووری ئەمریکا دروست دەکات. بەو پێیەی ئەمریکا گەورەترین دەوڵەتی هاوردەکاری نەوتە کەرۆژانە نزیکەی 6.6 ملیۆن بەرمیل نەوت هاوردە دەکات. نزیکەی 19.5 ملیۆن بەرمیل نەوتیش بەکار دەبات.

ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە دابەزینی نرخی نەوت زیان بە پرۆژەی وەبەرهێنانی (نەوتی بەردی) ئەمریکی دەگەیەنێت. لەبەرامبەردا هەندێك ئاماژەی دیکە هەن دەریدەخەن ئەمریکا سود مەند دەبێت لەدابەزینی

نرخی نەوت، واتە سودەکان بۆ ئەمریکا لەم نێوەندەدا زیاتردەبن لەو زیانانەی کە ئەگەری رودانیان لەئایندەدا هەیە.

دابەزینی نرخی نەوت بە کۆی گشتی نزیکەی 75 ملیار دۆلار دەگێرێتەوە بۆ هاونیشتیمانیانی ئەمریکی، هاوکات دەشبێتە هۆکار بۆ دابەزینی نرخی بەنزین بۆ شۆفێرانی ئەمریکا و لە رۆژێکدا نزیکەی 630 ملیۆن دۆلار بۆ هاولاتیان دەگەڕێتەوە. واتا لە ساڵێکدا 230 ملیار دۆلار پاشەکەوت دەکەن و دەتوانن لە دابینکردنی پێداویستیەکانی دیکەیاندا خەرجی بکەن. بە هەمان شێوە گەورە کۆمپانیاکانی دیکەی ئەمریکی سودمەنددەبن لە دابەزینی نرخی بەنزین، کۆمپانیای فڕۆکەوانی دەلتا دەڵێت: دابەزینی نرخی هەر سەنتێك بەنزین دەبێتە هۆی زیادبوونی قازانجی نزیکەی 40 ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا.

ستیڤن براون کە پسپۆڕێکی بواری ئابورییە لەزانکۆی (نیڤادا) لەرێی توێژینەوەیەکەوە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە کەئایا ئەمریکا سود مەند دەبێت لە ئەنجامی دابەزینی بەهای نەوت یاخود نا؟

ستیڤن پێی وایە بەشێوەیەکی گشتی دابەزینی نرخی نەوت هۆکارێك دەبێت بۆ گەشانەوەی دۆخی ئابوری لە 42 ویلایەتی ئەمریکادا، ئەوانەش ئەو ویلایەتانەن کە چڕترینن لەروی ژمارەی دانیشتوانەوە، زۆرینەشیان سەرقاڵی بواری بەرهەمهێنان و پیشەسازین، هاوکات لەم ویلایەتانەدا رۆژانە زۆرترین رێژە لەنەوت هاوردە و بەکار دەبرێت.

لەلایەکی دیکەوە دابەزینی نرخی نەوت دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی بەنزین، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری ئەرێنی لەسەر بژێوی ژیانی هاولاتیانی ئەمریکا جێدەهێڵێت، بەوپێیەی ساڵانە بۆ هەرماڵێك نزیکەی 500- 1100 دۆلار دەگەرێتەوە. ئەوە جگە لەو سودانەی دیکەش کەلە بواری (تێچونی کرێی بلیتی فرۆکەو گواستنەوە و پەیوەندیەکان و پێداویستییە رۆژانەکانی دیکە ) بۆیان دەگەرێتەوە.

لەبەرامبەردا دۆخەکە بۆ هەشت ویلایەتی دیکە پێچەوانە دەبێتەوە، ئەوانیش هەریەك لە (ئەلاسکا و لویزیانا و نیو مەکسیکۆ و داکۆتای باکور و ئۆکلاهۆما و وایمۆنگ و ڤێرجینیا)ن، چونکە ئەمانە ئەو ویلایەتانەن کە زۆرینەی داهاتیان پشت بە بەرهەمهێنانی وزە و نەوتی بەردی دەبەستێ. بۆیە ئەگەر هەیە دابەزینی نرخی نەوت ئەم ویلایەتانە دوچاری کورتهێنانی دارایی بکاتەوە. بۆ نمونە (ئەلاسکا) دوچاری کورتهێنان هاتووە بە رێژەی 3.5 ملیار دۆلار لەساڵێکدا، کەدەبێت لەرێگای هاوکاریەکانی حکومەتی فیدرالی و کەمکردنەوەی خەرجی و زیادکردنی کرێ و باجی سەر هاونیشتیمانیان چارەسەری کورتهێنانەکەی پڕ بکاتەوە. دواجار بە بۆچونی (براون) ئەم دۆخە لە ئێستادا سودەکانی بەچاو زیانەکانی زۆر زیاتردەبن بۆ ئەمریکا. بۆیە دەکرێت

پشت بەست بەو سودەی کە دەچێتە سەر داهاتی گشتی ئەمریکا، کێشەکانی ئەو ویلایەتانەی پێ چارەسەربکرێت کە دوچاری قەیرانی کورتهێنان دەبنەوە.

جانێت یەلەن، سەرۆکی بانکی ناوەندی ئەمریکا بڕوای وایە: دابەزینی نرخی نەوت رەنگە ئەگەر قازانج و زیانەکانی بەیەکتر بەراورد بکەین بە قازانجی ئەمریکا دەشکێتەوە. نەوتی هەرزان بۆ هاوڵاتییان باشە، چونکە خێزانە ئەمریکیەکان، ئەوان دەتوانن پارەی زیاتر پاشەکەوت بکەن.

بەم جۆرە لە کۆی گشتی هاوکێشەی دابەزینی نرخی نەوت، ئابوری ئەمریکا سوودمەند دەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆکاری گەشەکردنی ئابووری ئەمریکا بە ئەندازەی 1٪ لەماوەی ساڵێکدا.

## 2. چین

چین لە پاش ئەمریکاوە بە یەکێکە لە گەورەترین دەوڵەتانی هاوردەکاری نەوتی جیهان دادەنرێت. رۆژانە نزیکەی 6.2 ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو هاوردە دەکات، کەبەرامبەرە بە رێژەی 10.22٪. هەروەها نزیکەی 7.8 ملیۆن بەرمیل نەوتیش بەکار دێنێت. بۆیە دابەزینی نرخی نەوت لە 115 بۆ 60 دۆلار، لەبەرامبەردا نزیکەی 2 ملیار دۆلار بۆ داهاتی چین دەگەڕێنێتەوە. بەم هۆیەوە چین رۆژانە نزیکەی 470 ملیۆن دۆلاری بۆ دەگەرێتەوە. چونکە لەم قۆناغەدا چین دەتوانێ بەکەمترین نرخ، زۆرترین بری نەوت بکرێت، تاوەکو بۆ ئاینده پاشەکەوتی بکات. هەروەك چۆن ئەمە دەرفەتێکیش دەبێت بۆ ئەوەی چین روبکاتە بەکاربردنی سەرچاوەکانی دیکەی وزە کەلەدیارترینیان گازی سروشتییە.

## 3. هیندستان

هیندستان یەکێکی دیکەیە لەو وڵاتانەی کە پشت بە رێژەیەکی زۆر لەنەوتی هاوردەکراو دەبەستێت کە رۆژانە 2.7 ملیۆن بەرمیل مەزەندە دەکرێت. لەبەرامبەردا 2.9 ملیۆن بەرمیل نەوتیش بەکار دەهێنێت. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بودجەی هیندستان چەند ساڵێکە دوچاری کورتهێنان بۆتەوە. ئەمەش حکومەتی ئەو وڵاتەی ناچار کردووە کە بڕی باج لەسەر پێداویستییە رۆژانەکان زیادبکات.

پێدەچێت دابەزینی نرخی نەوت باشترین دەرفەت بێت بۆ ئەوەی هیندستان بیقۆزێتەوە و بەخەرجیەکانی بواری کرینی نەوت، پێداویستییەکانی دیکەی پر بکاتەوە. لێرەوە حکومەتی هیندستان بری 41 ملیار دۆلار کە دەگاتە نزیکەی 4.5٪ ی لە کورتهێنانی بودجەی ساڵانەی بۆ دەگەڕێتەوە. ئەمەش هانی حکومەت و کەرتی تایبەت دەدات نرخی بەرهەمە پیشەسازییەکانیان دابەزێنن، وەك چۆن هانیان دەدات بۆ

بەرفراوانکردنی ئاستی چالاکی بازرگانی و بازاڕی هەناردەکردنیان لەگشت بوارەکاندا. سەرئەنجام بەم هۆیەشەوە ئاستی ئابوری هینستان لەچاو رابردودا دەبوژێتەوە.

## 4. وڵاتانی یۆرۆ

وڵاتانی یۆرۆ و یەکێتی ئەوروپا بەگشتی لەدابەزینی نرخی نەوت سودمەند دەبن، چونکە 88٪ شمەکی بەکاربراوی بەرهەمهێنراویان پشت بە نەوت دەبەستێت. لەم دۆخەدا، پیشەسازی ئەوروپی دەبوژێتەوە و کێبرکێ لەگەڵ شمەکی بیانیش زیاد دەکات، نرخی گشتی شمەك و پێداویستییە گشتییەکانیش بۆ هاوڵاتیان دادەبەزێت.

کڕینی نەوت بە نرخێکی هەرزان بۆ وڵاتانی هاوردەکەری نەوت خاڵی پۆزەتیڤی زۆرترە و راستەخۆ کاردەکاتە سەر بوژاندنەوەی ئابوری ئەو وڵاتانەی کە نەوت هاوردە دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هاوڵاتیانی ئەوروپا راستەخۆ قازانج لەدابەزینی نرخی نەوت دەکەن، لەکاتێکدا نرخی هەر یەك لیتر بەنزین لە کۆتایی 2014دا بۆ هەر یۆرۆیەك 25 سەنت دابەزیوە.

هاوکات ئەوروپا لە ساڵی 2013دا بەتەنیا 500 ملیار دۆلاری خەرجی هاوردەکردنی کاڵای کردووە کە 75٪ی پەیوەست بە نەوت بووە. ئەگەر نرخی نەوت لەسەر 50 دۆلار یاخود برێك کەمتر، بۆ هەر بەرمیلێك جێگیر ببێت، ئەو 500 ملیارەی تەرخانکراوە بۆ هەناردەکردن لە ئەوروپا، دادەبەزێت بۆ خوار 200 ملیار دۆلار.

لەلایەکی دیکەوە ئەو وڵاتانەی کەبەشێك لەداهاتیان پشت بە بەرهەم و پیشەسازی کشتوکاڵ دەبەستێت، لایەنێکی دیکەی سودمەندن لە دابەزینی نرخی نەوت، چونکە کەرتی کشتوکاڵ گرێدراوە بە تێچووەکانی وزەوە، هەربۆیە دابەزینی نرخی نەوت سەر ئەنجام تێچووی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بەرێژەیەکی بەرچاو دادەبەزێنێت.

هاوشێوەی وڵاتانی یۆرۆ، وڵاتانی دیکەش هەن کەلە دابەزینی نرخی نەوت سود مەند دەبن، لەوانەیە دیارترینی ئەو دەوڵەتانەش هەر یەك لە (بەریتانیا و یابان و تورکیا)بن. بەهۆی پێویستیان بە هاوردەکردنی نەوتی رۆژانە، ئەمەش دەرفەتی ئەوەیان پێدەدات کە پشتیوانی لەم دۆخەی ئێستای بازاری نەوت بکەن.

سندوقی دراوی نێودەوڵەتیش لە راپۆرتێکدا لە بارەی ئەو وڵاتانەی سود لەم قەیرانی دابەزینی نرخی بەنزینە وەردەگرن، پێی وایە کەلە ئاکامدا دابەزینی بەهای نەوت، دەبێتە هۆی گەشەی ئابوری لە سەرجەم وڵاتە پیشەسازییە گەورەکاندا .

بە پێچەوانەشەوە بانکی ناوەندیی ئینگلتەرا لە راپۆرتێکدا مەترسیەکانی دابەزینی نرخی نەوت بە نزیکەی 40٪ لە مانگی حوزەیرانی رابردودا بۆ لەسەر ئەوروپا باس دەکات و پێشبینی ئەوە دەکات ببێتە هۆی دابەزینی پێشبینییەکانی گەشەکردن لە ناوچەی یۆرۆ کە نیوەی هەناردەکراوەکانی بەریتانیا بەکار دێنێت و کێشەی قەرزی بانکەکانیش گەورەتر دەکات. ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوەش داوە کە دواکەوتنی کۆمپانیاکانی نەوت و گاز لەدانەوەی قەرز رەنگە کەمی سیولەی (کاش) لەناو بازاڕەکاندا لێبکەوێتەوە و پێویستە لەسەر بانك و کۆمپانیاکان هەست بە ئەگەری فشارەکانی سەر سیولەی بازاڕ بکەن.
لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە بلێین براوەی دابەزینی نرخی نەوت، خودی ئابووریی جیهانە. هەر 10٪ دابەزین لە نرخی نەوت دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی ئابووریی جیهان بەرێژەی 0.2٪. کەواتە 50٪ دابەزینی نرخی نەوت، ئێستا بەڕێژەی 1٪ ئابووریی جیهانی پێشخستووە.

## عێراق و هەرێمی کوردستان

دابەزینی نرخی نەوت کاریگەرییەکی نەرێنی راستەخۆی لەسەر سیستەمی ئابوری و حوکمڕانی و ژیانی رۆژانەی هاونیشتیمانیانی عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە عێراق و هەرێم دوو لایەنی دیکەن کەئابوریان وابەستەیە بە هەناردە و فرۆشتنی نەوتەوە. هەر بۆیە دابەزین لەنرخی نەوت زیانی گەورەی ئابوریی‌یان پێدەگەیەنێت و ئاستی قەیرانە داراییەکانیان قوڵتر دەکاتەوە.
حکومەتی فیدڕاڵی عێراق لەو کاتەوەی نرخی بەرمیلێك نەوت هاتۆتە خوار 90 دۆلارەوە، دوجار پێداچونەوەی بە پرۆژە یاسای بودجەی 2015 کردوە و دەستیشی کردوە بە کەمکردنەوەی خەرجیەکانی، سەرەتا لە پرۆژە یاساکەدا نرخی بەرمیلێك نەوتی بە 70 دۆلار خەملاند، بەڵام کاتێك نرخی بەرمیل دابەزی بۆ 64 دۆلار، لەپێداچونەوەی دوەمی بودجەدا نرخی بەرمیلێك نەوتیان بە 60 دۆلار جێگیرکرد. ئەمەش لەپێناو کەمکردنەوەی ئاستی کاریگەری قەیرانی دارایی و ئەو کورتهێنانەی کەچاوەروان دەکرێت بودجەی عێراق روبەروی بێتەوە. بەڵام نرخی نەوت لە 60 دۆلاریش نەوەستاو لە ئێستادا لەخوار 50 دۆلارەوەیە.
بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، کە بۆچی کاریگەریەکانی ئەم نرخ دابەزینەی نەوت لەسەر عێراق بە بەراوورد بە وڵاتانی دیکەی هەناردەکەری نەوت لەناوچەکەدا زۆر زیاتر دەردەکەوێت؟
دەکرێت وەڵامی ئەم پرسیارە لەرێی کۆمەڵێك هۆکارەوە بخەینە روو، کەلە دیارترینیان بریتین لە:

1. عێراق لە پرۆژە یاسای بودجەی 2015دا ڕووبەڕووی کورتهێنانی زیاتر لە 25 ترلیۆن دینار بۆتەوە، بۆ پڕکردنەوەی ئەم کورتهێنانەش، حکومەتی عێراق بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە بەرزبونەوەی نرخی نەوت بەستوە، بەڵام واچاوەڕواندەکرێت تا ناوەڕاستی کانونی دووەمی 2015 نرخی نەوت کەمتربێت لەو نرخەی کە عێراق بۆ فرۆشتنی نەوت دایناوە، کە 60 دۆلارە بۆ یەك بەرمیل نەوت.

نەوتی خاوی عێراق لە ئێستادا بە 43 دۆلار دەفرۆشرێت لە بازاڕەکانی جیهاندا، واتە 17 دۆلار کەمتر لەو نرخەی کە حکومەتی عێراق لە پرۆژە بودجەی 2015 دایناوە، بۆ هەر بەرمیلێك نەوت، بەمەش عێراق لە حاڵەتی هەناردەکردنی رۆژانەی 3.3 ملیۆن بەرمیل نەوتدا لە 2015، بۆ هەر رۆژێك زیاتر لە 56 ملیۆن دۆلار زەرەر دەکات، ئەگەر هەر بەرمیلێك نەوت بە 43 دۆلار بفرۆشێت بەراورد بەو نرخەی کە بودجەی عێراق بۆی داناوە، بەمەش لە ماوەی یەك مانگدا تێکڕای ئەو کورتهێنانەی رووبەڕووی بودجەی عێراق دەبێتەوە، دەگاتە یەك ملیار و 683 ملیۆن دۆلار.

بەم جۆرە دەبینین کەبودجەی ئەمساڵی عێراق زۆرترین کورتهێنانی هەیە، کەلە ساڵی (2003)ەوە تائێستا ئەو رێژەیەی کورتهێنانی بەخۆیەوە نەبینیوە. دابەزینی زیاتری نرخی نەوتیش بڕی کورتهێنانەکە زیاتر دەکات.

2. بەهۆی جەنگی داعشەوە بۆ زیاتر لە ساڵێك دەچێت دۆخی ئاسایشی عێراق، بەتایبەت لە ناوچەکانی باشور و ناوەراستی عێراق روی لە ئاڵۆزی کردووە. بەم هۆیەشەوە توانایەکی زۆری دارایی عێراق بۆ ئەم بوارە تەرخانکراوە. هەم بۆ کڕینی چەكو پێداویستی سەربازییەکان، هەم بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو زەرەو زیانانەی بەر دانیشتوانی ناوچە جیاجیاکانی عێراق کەوتووە. بۆ نمونە لە بودجەی 2015 دا وەزارەتی بەرگری 15.296692903 ترلیۆن دینار و وەزارەتی ناوخۆ 14.710622000 ترلیۆن دینار، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی 293.464765 ملیار دینار، جیهازی موخابەرات 278.892134 ملیار دیناریان بۆ تەرخانکراوە. هەروەها (بانکی ناوەندی عێراق) ئاست و قەبارەی زیانە داراییەکانی خەڵکی عێراقی بەهۆی جەنگی داعشەوە، بەنزیکەی (4 – 5) ملیار دۆلار خەمڵاندووە. کە پێویستە لەسەر حکومەت ئەو برە لەبودجەدا تەرخانبکات، بۆ قەرەبوکردنەوەی هاونیشتیمانیانی زیانلێکەوتوی عێراق.

3. چەکدارانی داعش لەئێستادا کۆنترۆڵی نزیکەی شەش کێڵگەی نەوتی عێراقیان لەدەستدا ماوە. کەئەوانیش بیرە نەوتیەکانی (نەجمە، گیارە، حەمرین، عەیل، بەلەد و بەتمە)ن. لەهەمانکاتدا ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە (IEA) لە راپۆرتی مانگانەی خۆیدا سەبارەت بە بازاڕی نەوت، بڕی بەرهەمهێنانی بیرە

نەوتەکانی ژێر دەستی داعشی بە زیاتر لە 80 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا مەزەندەکردووە، کە بەهۆیەوە تەنها لە عێراق نزیکەی 1 ملیۆن دۆلار سود بە لایەنی دارایی داعش دەگەیەنێت.

4. داعش توانیویەتی کۆنترۆڵی چەند سایلۆیەکی حکومی بەرهەمی گەنم بکات، لە پێنج پارێزگای عێراقدا. کە بەپێی پرۆگرامی جیهانی خۆراکی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان (فاو)، نزیکەی 40٪ برە بەرهەمی گەنمی عێراق لەو سایلۆیانەدا بەرهەم دەهێنرێن. بەپێی راپۆرتی وەزارەتی بازرگانی عێراقیش، حکومەتی بەغدا لەکاتی هەڵگرتنی بەرهەمی گەنمدا، بری(1ملیۆن و سەد هەزار) گەنمی لە جوتیارانی عێراق کڕیوە و لەو سایلۆیانەدا پاشەکەوتی کردووە. بەڵام ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی داعشدان. ئەم بڕە گەنمەش خۆراکی ساڵانەی نزیکەی 20٪ی هاونیشتیمانیانی عێراق دابین دەکات.
5. بەرپرسانی عێراق رایانگەیاندووە بۆ ئەمساڵ شتێك نییە بەناوی دراوی نەقدی پاشەکەوتکراو لە داهاتی نەوت. چونکە زۆرێك لەو داهاتانە بەهۆی نەبونی پلانێکی ستراتیژی ورد و جەنگی داعشەوە، حکومەتی ناچار کردووە کە برە پارەی پاشەکەوتکراوی بەردەست بخەنە بواری خەرجییە سەربازی و ئەمنییەکانەوە. بۆ نمونە لەساڵی 2014دا نزیکەی 644 ملیار دینار بۆ مووچەی مانگانەی خۆبەخشە شیعەکان تەرخان کراوە. کە لە ساڵێکدا دەگاتە نزیکەی 2 تریلیۆن دینار.
6. دیارنەمان و ونبونی برێکی زۆری داهاتی گشتی لەساڵی 2014 دا، بێگومان بوەتە قوربانی ئەو گەندەڵیە بێشومارەی کەکۆی سێکتەرە جیاوازەکانی کەرتی گشتی عێراقی گرتوەتەوە.
7. وابەستەبونی عێراق بەگێرانەوەی قەرزەکانی یانەی پاریس و کوێت و بانکی نێودەوڵەتی، سندوقی دراوی نێودەوڵەتیو ...هتد. ئاستی کورتهێنانەکەی زیاتر کردووە. لە ئێستادا بەپێی دوایین راپۆرتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، عێراق بڕی 8.9 ملیار دۆلار قەرزداری کوێتە، کە پێویستە لەسەر حکومەتی عێراق ئەو برەقەرزە لەساڵی 2015 دا بۆ کوێت بگێرێتەوە.

بەم شێوەیە دەبینین عێراق لەداشکانی نرخی نەوت، زەرەرمەندی یەکەم دەبێت لە چاو گشت وڵاتانی جیهان بەگشتی و وڵاتانی دەروبەری بەتایبەتی. چونکە عێراق بەپێی بودجەی 2015 رێژەی 84٪ داهاتەکەی لە رێگەی فرۆشتنی نەوتەوە بەدەست دەهێنرێت، ئەوە جگە لەوەی پێشبینی دەکرێت بۆ ساڵی نوێ بەهۆی کێشە ناوخۆییەکان و جەنگی داعشەوە، زۆرێك لەپرۆژەکانی پەرەپێدان و وەبەرهێنان لەعێراقدا دوچاری چەقدا بەستن و راوەستان ببنەوە.

بەڵام ئەوەی لەم نێوانەدا دەرفەتێك بە عێراق دەدات، ئەو دەرفەتەیە کە عێراق هەیەتی بۆ زیادکردنی ئاستی هەناردەکردنی نەوت لە 3 ملیۆن و 500 هەزار بەرمیلی رۆژانەوە بۆ 8 ملیۆن بەرمیل، لەگەڵ هەناردەکردنی

گاز، کە عێراق بەهەمان شێوە لەم بەرهەمەشدا دەوڵەمەندە. هاوشێوەی عێراق، هەرێمی کوردستانیش بێ بەش نییە لەو زیانە ئابوریەی کە دابەزینی نرخی نەوت ڕوی تێدەکات، چونکە عێراق و هەرێمی کوردستان یەك بودجە و یەك داهاتیان هەیەو نەوت بڕبڕەی پشتی سەرچاوەی داهاتەکانیانە.

عێراق و هەرێم لە ئێستادا لە سەروبەندی جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتننامەیەدان سەبارەت بە مەسەلەی بودجە و هەناردەکردنی نەوت، لەبەرواری 2014/12/2 ئیمزایانکرد، تێیدا هاتووە کە هەرێم پێویستە ڕۆژانە بری 550 هەزار بەرمیل نەوت لەڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆی عێراقیەوە بفرۆشێت، لەبەرامبەریشدا حکومەتی عێراق پێویستە گشت موستەحەقاتێکی هەرێمی کوردستان دابین بکات.

ئەمە جگە لەوەی کە هەرێمی کوردستان چاوی لە زیادکردنی هەناردەکردنی نەوتە لە 250 هەزار بەرمیلەوە بۆ یەك ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانە لەساڵی 2015. بەڵام دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوت، جگە لەوەی گەشەی ئابوری دروست ناکات، مەترسی بۆ سەر چارەنوسی ڕێکەوتنەکەی نێوان هەرێم و بەغداش دەگوازێتەوە.

بۆ هەرێمی کوردستان دۆخەکە کەمێك جیاواز تریشە، هەرێمی کوردستان بۆ خۆی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا لە کێشەدایە، ئەگەر هەرێم بە شێوەیەکی سەربەخۆ نەوت هەناردە بکات، حکومەتی عێراق دژایەتی دەکات، ئەگەر بشیەوێت ئاستی هەناردەی نەوت زیاتر بکات، ئەوا ئەو بۆریەی کە ئێستا نەوتی هەرێم دەگوازێتەوە و توانای گواستنەوەی نەوتی هەرێم و کەرکوکی نییە لە یەك کاتدا.

لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە کۆمپانیا نەوتیەکانی هەرێم ماوەی چەند ساڵێکە چاوەڕێی وەرگرتنی تێچوی کارەکانیانن لە حکومەتی هەرێم، بەڵام لە بودجەی 2015شدا عێراق ئامادە نییە ئەو تێچوە بداتەوە بە کۆمپانیا نەوتیەکان، حکومەتی هەرێمیش ئەرکێکی قورستری کەوتۆتە سەر شان، کە دەبێت ئەو پارەیە بۆ کۆمپانیا نەوتیەکان خەرج بکات، لەکاتێکدا نرخی نەوت بەردەوام بەرەو دابەزین دەڕوات.

لە ساڵی 2014وە زۆربەی کۆمپانیا نەوتییەکان کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن پلانی فراوانکردن و زیادکردنی بەرهەمهێنانیان بە ئەندازەیەکی گەورە سڕکردووە و چاوەڕوانن پارەی کارکردنیان وەربگرن و بارو دۆخی سیاسی و ئەمنیش کە بە هۆی شەڕی داعشەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، هێور ببێتەوە.

# ئایندەی نرخی نەوت

ئەو گریمانانەی کە لە 10 ساڵی ڕابردودا بۆ خەملاندنی نرخی نەوت دانراون زۆربەیان نا ڕاست دەرچون، هەر بۆیە دامەزراوەکانی لێکۆڵینەوە زۆر بە کەمی پێشبینی جێگیربونی نرخی نەوت دەکەن، بەڵام بە خوێندنەوە بۆ پێشبینیەکانی ئێستا کە بۆ ئەم قەیرانە دەکرێت، نرخی نەوت دوو ئاستی بۆ دادەنرێت. ئاستی یەکەم نرخی نەوت لە نێوان 70 بۆ 80 دۆلار دەخەملێنن، ئاستی دووەمیش نرخی نەوت لەنێوان 35 بۆ 55 دۆلار دەخەملێنن.

بەر لە دیاریکردنی نرخەکەی، عەبدوڵلا بەدری ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی ئۆپێك پێشبینی کاتی کۆتایی هاتنی قەیرانەکە دەکاتو بڕوای وایە: لەنیوەی دووەمی ساڵی 2015دا نرخی نەوت بەرزبوونەوە بەخۆیەوە ببینێت. لەلایەکی ترەوە پەیمانگای (ئەنیستیتۆی مودیز بۆ لێکۆڵینەوەی دارایی و ئابوری) لە بەیاننامەیەکدا پێشبینی ئەوە دەکات کەلە ماوەیەکی کورتدا بەهۆی بەرزبوونەوەی خواست لەسەر نەوتی خاو، نرخی بەرمیلێك نەوت لە سەروی 80 دۆلارەوە جێگیر ببێت.

جیاوازیەکی زۆر لەنێوان ئەم لێکۆڵینەوەیە و بۆچونەکانی وەزیری نەوتی سعودیەدا نییە ، کە ئەم وڵاتە ئیدارەی دابەزاندنی نرخی نەوت دەکات، عەلا ئەلنعێمی وەزیری نەوتی سعودییە بەپێویستی دەزانێت نرخی نەوت دابەزێنرێت بۆ کەمتر لە نرخی نەوتی بەردە نەوتییەکان، بەجۆرێك ئەگەر نرخی ئەو جۆرە نەوتە 80 دۆلار بێت، دەبێت نەوتی وڵاتەکەی 75 دۆلار بێت بۆ ئەوەی سەرمایەگوزاری ڕوو لە ئەوان بکاتەوە.

توێژەرێکی ئابوری ئەمەریکی بڕوای وایە: ئەم دابەزینەی ئێستای نرخی نەوت دەبوا لەساڵی 2011 ڕوویبدایە، بەڵام بەهاری عەرەبیو دابەزینی بەرهەمهێنانی زۆربەی وڵاتان پرۆسەکەی بۆ ئەمساڵ دواخست.

(ئەنس حاجی)، توێژەری ئابوری کۆمپانیای ئێن جی بی پێشبینی ئەوەش دەکات کە لەساڵی 2015دا نرخی نەوتی خاو بەرزببێتەوە بۆ سنووری 77 دۆلار. (بیژەن زەنگەنە)، وەزیری نەوتی ئێرانیش بڕوای وایە: دابەزینی نرخی نەوت کاتییە و پیشبینی دەکات نرخی نەوت ئاسایی ببێتەوە و بگاتە 60 بۆ 90 دۆلار.

بەپێچەوانەی ئەم بۆچونانەشەوە، کۆمەڵێك لە دامەزراوە و لێکۆڵەرو چاودێرە ئابوریەکان پێشبینی ئەوە دەکەن کەنرخی نەوت لانی کەم لەم ساڵدا لە خوار 55 دۆلارەوە بێت، کە ئەمەش هەواڵێکی ناخۆشە بۆ زۆربەی وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت.

(میشێل هیوسن) شیکەرەوەی کۆمپانیای (سی ئێم سی مارکتسی نەوتی) ئاماژە بەروای وایە: تا ئۆپیک ئاستی هەناردە کەمنەکاتەوە نرخی نەوت بەرزنابێتەوە و ئەگەر داواکاری لەسەر کڕینی نەوت زیاد نەبێت، لە چەند هەفتەی داهاتودا نرخی یەک بەرمیل نەوت دەبێتە 40 دۆلار.

بانکی (گۆڵدمان ساکس)یش پێشبینییەکی نوێی بۆ نرخی نەوت لە دوو ساڵی داهاتوودا بڵاوکردەوەتەوە. بەپێی پێشبینییەکە یەک بەرمیل نەوتی برێنت لە ساڵی 2015 دەگاتە 50 دۆلار و 40 سەنت، هەروەها یەک بەرمیل نەوتی تێکساسیش بە 47 دۆلار و 15 سەنت بفرۆشرێت.

## ڕاسپاردەکان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان

وەک لە پێشەکیەکەدا، ئاماژەمان پێکرد پشتبەستن بە سامانی سروشتی گرفت ئامێزە. هاوکات دەشێ ئیدارەدانی سامانی سروشتی لە لەعنەتەوە بگۆڕێت بۆ ڕەحمەت ئەگەر بەرێژەییش بێت. لەم بەشەدا، هەوڵدەدەین کۆمەڵێک ڕاسپاردە بخەینە ڕوو:

1. تەرخانکردنی بودجەیەکی زۆر زیاتر لە ساڵانی پێشوو لە بودجەی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوری وەک پیشەسازی و گەشتوگوزار، کشتوکاڵ. دەشێ سود لە ئەزمونی ئیمارات وەربگیرێ. هاوکات ئەزمونی نەرویج دەشێ ببێتە نمونەیەکی چاولێکراو لە ئاستی دوردا بۆ چۆنیەتی ئیدارەدانی سامانی سروشتی.
2. پشت نەبەستن بەنەوت وەک تاکە سەرچاوەی سەرەکی داهات، وەک ئەوەی لە ئێستادا هەیە، کە نزیکەی 80٪ بۆ 90٪ داهاتی عێراق پشتی پێ دەبەستێ. بۆ نمونە عێراق لەدروستبونیەوە بەدرێژای سەردەمی پادشایەتی تاساڵی 1954 سەرەرای دۆزینەوە و کارکردنی نزیکەی 17 بیرە نەوت لەو کاتدا، بەلاّم عێراق 64٪ داهاتی پشتی بە فرۆشتنی بەرهەم و بەروبومی (کشتوکاڵی و ئاژەڵداری) بەستبوو. بەلاّم لەئێستادا بەپێچەوانەوە، بۆیە پێویستە عێراق کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری وپیشەسازی هاوشانی کەرتی نەوت پەرەپێبدات و بەتەنها نەوت نەکاتە تاکە سەرچاوەی بژێوی وڵاتەکەی.
3. ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نرخی یەک بەرمیل نەوت لە بودجەی 2015ی عێراقدا داببەزێنێت بۆ 50 دۆلار، نەک بە 60 دۆلار، کە ئێستا خەمڵێندراوە.
4. سودوەرگرتن و بەگەرخستنی سامانی غازی سروشتی. هەنوکە لەدەرەنجامی پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لە عیراقدا بڕێکی زۆر غازی سروشتی بەهەدەر دەڕوات. سودوەرگرتن لەم غازە و پرۆژەی دەرهێنانی تری

غاز لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان و بەستنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکیەکاندا، دەشێ یارمەتیدەرێکی سەرەکی بێت بۆ داهاتی گشتی لە بودجەدا.

5. کارکردن بۆ شەفافکردنی زیاتری پرۆسەی نەوت و بەهەدەرنەدانی داهاتی نەوت وەك ئەوەی ئێستا حیزب و گروپەکان دەستیان لە خەرجکردنی و بردنی ئەم داهاتەدا هەیە، لەگەڵ بەدواداچون بۆ داهاتە نادیارەکانی نەوت لە چەند ساڵی رابردوو لە هەرێمی کوردستاندا.
6. هەرێمی کوردستان و عێراق، ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە یەدەگی زێڕ و کانزاکانی تر، هەوڵدان بۆ سودوەرگرتن لەم سامانە، دەشێ هۆکارێکی تر بێت بۆ بەهێزبونی بودجەی عێراق و هەرێمی کوردستان.
7. کەمکردنەوەی خەرجیەکان لە بودجەی گشتی عێراق و هەرێمی کوردستاندا، کە ئێستا کاری لەسەر دەکرێت، یەکێکە لە رێگاکانی زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجە. بۆ نمونە دەگوترێت لەکەمکردنەوەی بودجەی وەزارەتەکانی عێراق نزیکەی 8 تریلیۆن و 48 ملیار دینار بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەرێتەوە.
8. کەمکردنەوەی موچەو ئیمتیازاتی پلە باڵاکان، لەناویشیاندا ( سێ سەرۆکایەتیەکە، وەزیرەکان، پەرلەمانتاران ...).
9. دەشێ قەرزکردن یەکێکی تر بێت لە رێگە چارەسەرەکان بۆ کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی گشتی عێراق، هەروەك چۆن لە پرۆژە یاسای بودجەی 2015ی عێراقدا هاتووە عێراق دەتوانێ 8.3 ملیار دۆلار قەرز بکات، وەك چۆن چەندین وڵاتی وەك یۆنان لە کاتی قەیراندا هانایان بۆ بردووە.
10. عێراق دەرفەتێکی گەورەی هەیە، جیاواز لە وڵاتانی تری ئەندامی ئۆپیك، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوتی عیراق بە هەرێمی کوردستانەوە، لە سێ ملیۆن و 300 هەزار بەرمیلی رۆژانەوە، لانی کەم بۆ 5 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا.
11. کار کردن بەسیستمی باج لە عێراق و هەرێم لەسەر ( ئۆتۆمبێل، عەقارات، گەشتکردن، هۆکارەکانی پەیوەندیکردن، پرۆژەکانی وەبەرهێنان ...). هەروەها زیادکردنی ئەو برە باجە رەمزییەی بەرامبەر هەندێك لەکاڵاو شمەکەکان دیاریکراوە. ئەمەش بە ئامانجی زیادکردنی داهاتی ناوخۆ.
12. عێراق و کوردستان پێویستە زیاتر گرنگی بە پیشەسازییەکانی نەوت و گاز بدەن، وەك پیشە سازی پترۆ کیمیاوی و دانانی پاڵاوگە، نەك تەنیا گرنگی بە دەرهێنان و هاوردەکردنی بدەن.

## دەرئەنجام

دابەزینی نرخی نەوت، تەنها پەیوەست نیە بە ئاستی خواست و خستنەروی بەرهەمی نەوتی ولأتانەوە، هێندەی پەیوەستە بەئاست و کاریگەری قەیران و ململانێ سیاسیە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانەوە، چونکە ئەم فاکتەرە رۆڵی دیاری دەبینێت لەبواری دابەزین و بەرزبونەوەی نرخی نەوتدا. واتە ئەم قۆناغە نوێیەی دابەزینی نەوت هێندەی پەیوەندیدارە بەو ململانێ سیاسیە نێودەوڵەتی و هەرێمییانەی کە لە جیهاندا رودەدەن، ئەوەندە پەیوەست نیە بە ئاستی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی نەوتی ولأتانەوە. بۆیە دەتوانین بڵێن فاکتەری دووەم بەکارهێنراوە وەك فشار بۆ کاریگەرتربونی فاکتەری یەکەمی دابەزینی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهاندا .

هەرێمی کوردستان و عێراقیش بەو پێیەی لەلایەك بەشێکی دانەبراون لە هاوکێشەی سیاسی و ململانێی ناوچەکە بەگشتی، لەلایەکی دیکەش سەرچاوەی داهات و دارایی هەردولاش بە پلەی یەکەم پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت، هەربۆیە ئەم قەیرانە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر ئابوری عێراق بەگشتی و هەرێم بەتایبەت بەجێدەهێڵێت.

ئاستی مەترسییەکان بۆ ولأتانی بەرهەمهێنی نەوت بەگشتی و بۆ عێراق بەتایبەتی، تەنها لە قەیرانی دابەزینی نرخی نەوتدا کورت نابێتەوە، چونکە پێدەچێت ماوەی ئەم قەیرانە دیاریکراو بێت و لەپاش چەند مانگێك یاخود ساڵێك هاوسەنگی بۆ نرخی نەوت بگەرێتەوە. بەڵکو ئەوەی جێگەی سەرنج و تێبینیە بۆ ولأتانی بەرهەمهێنی نەوت بریتییە لە قەبارەی پشت بەستن بە سامانی سروشتی، بەدیاریکراویش نەوت، بۆ دابینکردنی سەرچاوەی داهاتی ولأت. چونکە راستەوخۆ ئەم هەنگاوانە رێگەخۆشکەرن بۆ هێنانە ئارای دەوڵەتی کرێخۆر. بۆیە پێویستە حکومەتی عێراق و بەدیاریکراویش حکومەتی هەرێم، بەرنامەیان هەبێت بۆ بوژاندنەوەی سێکتەرەکانی دیکەی دابینکردنی داهات. بۆ ئەوەی لە ئاییندەدا قەیرانی هەڵبەز و دابەزینی نرخی نەوتدا، ئەم دیاردەیە کاریگەریەکی ئەوتۆ نەکاتە سەرئاستی گەشەی ئابووری و قوڵکردنەوەی قەیرانە داراییەکانیان، لەبەر ئەوە پێویستە گشت هەنگاوەکانی دورکەوتنەوە لە دەوڵەتی کریخۆر بگرنە بەر، تاوەکو لەئاییندەدا گەر هیچ نەبێت ئاست و قەبارەی قەیرانە داراییەکان بەو هێندەی ئێستاقوڵ نەبێتەوە، لە بەرامبەردا بتوانن پارێزگاری لە بەرژەوەندییە ئابوریەکانیشیان بکەن.

## سەرچاوەکان


- پرۆژە یاسای بودجەی 2015ی عێراق
- د. سەردار عەزیز، حکومەت و سامانی سروشتی لە هەرێمی کوردستان، چاپی یەکەم، دار العربیه للعلوم – ناشرون، لبنان، 2012.
- د.بایەزید حسن عبدالله، سامانی نەوت و گازی عێراق و پشکی کورد لە بەرێوەبردنیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2012 .
- فەیسەڵ عەلی، گازی سروشتی لە ململانێی جیهانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2012.
- یوسف محمد، چارەنوسی کورد و پترۆڵ ( وەك مەسەلەیەکی ستراتیژی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، 2013.
- عدنان الجنابي، الدولة الريعية و الدكتاتورية، طبعة الأولي، معهد دراسات عراقية، بغداد،2013.
- أ.د. سليم الوردي، الاستبداد النفطي في العراق المعاصر، طبعة الأولي،دار الجواهري، بغداد،2013.
- عزت صابر اسماعیل، نرخی نەوت لە 40 ساڵی ڕابردوودا، گۆڤاری هەفتانە، ژمارە (41) لە 5/نیسان/2009، ل 35.
- ئابووری قەتەر لە دابەزینی نرخی نەوت تووشی کێشە نابێتەوە
http://www.sulcci.com/dreja.aspx?Jmare=4248&Jor=1
- ئاڵۆزییەکانی عێراق نرخی نەوت بەرزدەکاتەوە
http://www.sulcci.com/(A(C3-f_VWszAEkAAAAZGYzMTg2MGE...
- ئۆپیك: خواست و خستنەڕوو پاساو نییە بۆ داڕمانی نرخی نەوت
http://www.gksat.tv/Default.aspx?page=article&id=38286&l=3
- ئۆپێك: دابەزینی نرخی نەوت کاتییە
http://www.sulcci.com/(A(C3-f_VWszAEkAAAAZGYzMTg2MGEtNDA2Zi0...
- براوە و دۆڕاوەکانی دابەزینی نرخی نەوت: هەرێم لە دۆڕاوەکانە
http://www.faceiraq.com/inews.php?id=3308501
- بەهۆی ململانی سعودیە و ئێران نرخی نەوت دادەبەزێت
http://www.kurdiu.org/details.php?section=interview&lang=1&id=80
- پێشڕەو جەمال، دابەزینی نرخی نەوت و کاریگەرییەکانی
http://sbeiy.com/Detail.aspx?id=40911&LinkID=14
- نەوت ناگیرسێتەوە
http://sbeiy.com/Detail.aspx?id=41599&LinkID=9
- دابەزینی نرخی نەوت لە قازانجی چینە
http://www.knnc.net/Drejey-hawal.aspx?id=37277&LinkID=1&leguaid....
- دابەزینی نرخی نەوت، پرۆژەیاسای بودجەی عێراق ڕێك دەخاتەوە
http://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13&a=72643
- دابەزینی نرخی نەوت، پەسەندکردنی بودجەی عێراقی دواخستەوە
http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=41011&LinkID=9

- رووسیا نیگەرانە لە دابەزینی نرخی نەوت
http://rudaw.net/sorani/business/261020142
- سلێمان تاشان، داخوازی جیهان بۆ نەوتی ئۆپێك كەم دەبێتەوە
http://wishe.net/dreja.aspx?Jmare=8109&Jor=10
- محەممەد هادی، بودجەی عێراق مانگانە ملیارێك و 680 ملیۆن دۆلار كورت دێنێ
http://rudaw.net/sorani/business/190120157
- هەوڵی ئەمریكا بۆ خەرجكردنی بودجەی كوردستان شكستیهێنا
http://www.sharpress.net/Direje.aspx?Jimare=23207
- داعش (4 – 5) ملیار دۆلار زیانی بەعیراق گەیاندووە
http://www.knwe.org/Direje.aspx?Cor=11&Besh=Araste&Jimare=28741
- 7 بیرە نەوتی عێراق لەدەستی داعش دایە
http://www.speemedia.com/dreja.aspx?Jmare=11824&Jor=2
- دابەزینی نرخی نەوت بە قازانج و زیانی كێیە؟
http://kurdoilnews.com/?p=12126
- نەوت نرخێكی پێوانەیی لە دابەزین تۆماركرد
http://rudaw.net/sorani/business/120120156
- عومەر ئەحمەد ، بۆچی نرخی نەوت هێندە ناجێگیرە؟
http://rudaw.net/sorani/business/21122014
- عومەر ئەحمەد، دابەزینی نرخی نەوت پیلانی نێودەوڵەتییە؟
http://rudaw.net/sorani/business/091120141
- عومەر ئەحمەد، كێ لە دابەزینی نرخی نەوت قازانج دەكات و كێ زیان ؟
http://rudaw.net/sorani/business/080120157
- فەرهاد عەبدولعەزیز عەلائەدین، براوە و دۆڕاوەكانی دابەزینی نرخی نەوت: هەرێم لە دۆڕاوەكانە
http://rudaw.net/mobile/sorani/opinion/081220141
- قەیرانی دارایی عێراق لە ٢٠١٥دا
http://www.knnc.net/Drejey-hawal.aspx?id=37954&LinkID=1&leguaid#=...
- لەپێناو پاشایی تەختی نەوت سعودییە، پاڵەوانی گەمەی دابەزینی نرخی نەوت
http://www.milletpress.com/news/post_detail.php?id=137
- مودیز: نرخی نەوت زیاتر دادەبەزێت
http://rudaw.net/sorani/business/261020141
- نرخی نەوت لەژێر هەڕەشەدایە
http://zadizanst.com/archives/1380
- نرخی نەوت نزمتر دەبێتەوە
http://zagrostv.com/Default.aspx?page=article&id=40428&l=3
- نەوت بو بە (55) دۆلار و ئێرانیش چاوی لەوەیە ببێتەوە (90) دۆلار
http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=41540&LinkID=9
- 10 أسئلة شائعة لا بد أن تعرفها حول صناعة النفط في العالم

http://www.sasapost.com/facts-about-oil/

- انخفاض أسعار النفط نعمة للاقتصاد الصيني والاتجاه نحو تحديث الزراعة

http://omandaily.om/?p=186827

- الروبل" الروسي يترنح أمام الدولار بانخفاض 17٪

http://www.alarabiya.net/ar/aswaq/financial-markets/2014/12/16

- بوتين يتعهد بحل أزمة اقتصاد بلاده ويهاجم الغرب

http://www.aljazeera.net/news/international/2014/12.../

- بوتين: أميركا والسعودية سبب انهيار أسعار النفط لإخضاع روسيا وإيران

http://www.almayadeen.net/ar/news/europe-a0usAgdjm0ezQ6QFAPV...

- تأثر أمريكا بانخفاض أسعار النفط: 42 ولاية مستفيدة و8 ولايات فقط متضررة

http://altagreer.com/%D8%AA.......

- توقعات بلجوء روسيا لبيع احتياطي الذهب لإنقاذ الروبل،

http://www.alarabiya.net/ar/aswaq/financial-markets/2014/12/17

- داعش يربح نحومليوني دولار يومياً من تجارة النفط

http://burathanews.com/news/251221.html

- تقرير خطير يؤشر تاثيرات انخفاض اسعار النفط علي 11 بلدا بينها العراق

http://www.kitabat.com/ar/page/18/12......./

- الرابحون والخاسرون من انخفاض أسعار النفط

http://www.masrawy.com/News .../

- الرياض – عقيل العنزي، دول الخليج تخطط لتنويع محافظها الاستثمارية لتفادي أي أزمات مالية عالمية

http://www.alriyadh.com/884759

- السعودية وتراجع النفط نظرة مالية وتاريخية

http://alphabeta.argaam.com/article/detail/96340

- شرين طه، انهيار سعر البترول..والأزمة المصطنعة

http://elbadil.com/2014/12/17/%D8%A7%....

- قوائم بأكبر 15 دولة مستهلكة ومستوردة ومصدرة للنفط في العالم

http://ara.reuters.com/article/idARAOLR05278820080620

- قيمة صادرات أوبك النفطية تبلغ 1.112 تريليون دولار في 2013

http://arabic.rt.com/news/752833...-

- النفط كسلاح جيوسياسي للدمار الشامل

http://arabic.ruvr.ru/2014_12_21/281558928

- نيجيريا تواجه مشكلات محتملة في العملة والموازنة مع هبوط سعر النفط

http://www.youm7.com/story/2014/11/6/%D9.......

- أسعار النفط تهدد بتفاقم أزمات اقتصاد إيران في 2015

http://www.alarabiya.net/ar/aswaq/economy/2014/12/28/%D ..

- مادورو يقول إن ميزانية بلاده لسنة 2015 تقدرسعر النفط بنحو 60 دولارا

http://ara.reuters.com/article/businessNews/idARAKCN0I704I20141018...

- فنزويلا تعلن تقليص ميزانية الدولة بسبب إنخفاض سعر النفط
http://www.i24news.tv/app.php/ar/%D8...
- رئيس فنزويلا يعتزم خفض رواتب الحكومة بسبب تراجع أسعار النفط
http://burathanews.com/news/253929.html
- نيجيريا تفترض سعرا للنفط 78 دولارا للبرميل في ميزانية 2015
http://ara.reuters.com/article/businessNews/idARAKCN0IB2DB20141022....
- اهتمامات الصحف العربية/ إضافة أولي
http://www.menara.ma/ar/2014/12/28/1523372...-
- السعودية تحتسب ميزانية 2015 حول 75 دولارا للبرميل
http://aawsat.com/home/article/251681/%D...
- ميزانية السعودية لعام 2015 : مراهنة علي سعر النفط!
http://www.ra2ed.com/%D8%A3%D8%B9%D9....
- الكويت : 55 إلي 60 دولار أسعار برميل النفط في موازنة 2015-2016
http://www.fxnewstoday.ae/stocks/kuwait-news/%D8%..
- عصابات تسرق 100 ألف برميل نفط يومياً من نيجيريا
http://www.alarabiya.net/ar/aswaq/2013/09/21/%D8%B9...
- البحرين : صحيفة محلية: هبوط النفط إلي 45 دولار سيؤدي بالبحرين إلي العجز عن دفع رواتب الموظفين
http://burathanews.com/news/255301.html
- خسائر البحرين من انخفاض سعر النفط أكثر من 170 مليون دولار... وخسائر السعودية 118 مليار دولار
http://bahrainmirror.ddns.net/news/20910.html
- د. سلام جبار شهاب: الدولة الريعية وصياغة النظم الاقليمية
http://www.iasj.net/iasj?func=fulltext&aId=50938

- As recession looms, Russia acts to support ruble
http://www.radiometafora.ro/2014/12/24
- Oil-Price Slump Strains Budgets of Some OPEC Members
http://www.wsj.com/articles/oil-price-slump-strains-budgets-of-some-opec-members-1412952367
- The shale oil revolution is in danger
http://fortune.com/2015/01/09/oil-prices-shale-fracking/
- Jeffrey A. Frankel: The Natural Resource Curse : A Survey
http://www.nber.org/papers/w15836.pdf
- Joseph Stiglitz: Africa's natural resources can be a blessing, not an economic curse
http://www.theguardian.com/business/economics-blog/2012/aug/06/africa-natural-resources-economic-curse
- Joseph Stiglitz: We can now cure Dutch disease:
http://www.theguardian.com/business/2004/aug/18/comment.oilandpetrol

**بۆ زانیاری زیاتر بروانە:**


- پ.د. عەزیز ئەحمەد ئەمین، تەکنەلۆجیای پەترۆڵ ، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر213.
- کاوە نادر قادر ، رۆڵی نەوت لەچارەنوسی گەلی کوردستاندا، چاپخانەی روون، سلێمانی، 2008.
- سابیر عەبدوڵڵا کەریم، نەوت بەرانبەر بەخاك، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژ، کەرکوك،2010.
- د. محمد الرميحى، النفط و العلاقات النفطية، عالم المعرفة، الكويت،1982.
- عبدالحى يحيى زلوم، حروب البترول الصليبية، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، عمان– اردن، 2005.
- فؤاد قاسم الامير، الجديد فى القضية النفطية العراقية، قاهر للطباعة الفنية الحديثة، بغداد،2012.
- طلال محمود نور عطار، النفط فى المملكة العربية السعودية، طبعة الاولى، رياض، 2002.